# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

March : 2012 — یەکبوون ژمارە ٢٤ — خاکەلێوەی ٢٧١٢




نەسیمی بای نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی ئاشقان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا
نەوید ئەی ئاشقانی دڵفکار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

سەرچاوە
Serchawe

# ڕاپەڕین و.. کەرکوک و.. نەورۆز.



ڕەزا سالّح

ڕاپەڕینە مەزنە جەماوەرییە سەرتاسەرییەکەی باشووری کوردستانی شیرینمان ، لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) دا. ڕاپەڕین و هەڵچوونێکی جەماوەریی هەرەمەکی و ناکاوی و بێ تەگبیر و بێ نەخشە و بێ بەرنامە و بێ ئامانج نەبوو .. ئەگەرچی تا ڕادەیەک خۆڕسکی پێوە دیاربوو .. بەڵام لە لایەن هێزەکانی پشمەرگەی بەرەی کوردستانی و جەماوەری گەلەکەمانەوە پێکەوە و بە هاوکاری ، ئامادەکاری و پلانێکی تۆکمەی پێش وەختی بۆ دارێژرابوو .. ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە .. سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکە زۆر زەحمەت بوو ، لەوانەیە قوربانی زۆرتمان بدایە .. کورد ژیرانە توانی هەل و مەرجە نێوخۆی و دەرەکییەکانیش بقۆزێتەوە و ، لە کاتێکی لەباردا ڕاپەڕێت .

ڕاپەڕین ، بەری خەبات و بەرخودانی چەندین ساڵەی شاخ و شارمان بوو .. لووتکەی شۆڕشی نەکوژاوەی گەلە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرەکەمان بوو .. چڵە پۆپەی تووڕەیی و ڕق و بێزاریمان بوو .. ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی زۆر گرنگە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردمان .. لاپەڕەیەکی زێڕینی پرشنگدارە لە مێژووی پڕ لە شانازی و شکۆداری کورد و کوردوستاندا.

ئەم ڕاپەڕینەمان ، نە یەکەمین ڕاپەڕینمانە و ، نە دوایەمین ڕاپەڕینیشمان دەبێت .. کێ هەیە ، داستانی دێرینترین ڕاپەڕین لە مێژوودا نەزانێ ، کە ڕاپەڕینە نەمرەکەی کاوەی ئاسنگەر بوو .. کاوەی دلێر و پاڵەوانی ئازدیخوازی کوردمان .. کە لە دژی دڕندەترین دەسەڵاتدار و زۆرداری زەمانە ( زووحاک ) ڕاپەڕی و ، سەری پان کردەوە و تاج و تەختی ستەمکاریی تەفر و تونا کرد و ، گەلی کوردمانی لە زۆرداریّتی و چەوسانەوە و نەهامەتی ڕزگار کرد .. ئەو ڕۆژە ، بوو بە ڕۆژێکی نوێ و ، بوو بە خۆشترین جەژنی نەتەوایەتی ساڵانەی هەتا هەتایەمان ، کە جەژنی نەورۆزی پیرۆزە .. جەژنی ڕزگاری و ئازادی و ئاشتی یە ، جەژنی نەمانی ستەم و زۆرداری یە ، جەژنی تەبایی و برایەتی و یەکێتیمانە .. هەر لە باشووری کوردستاندا لە ساڵانی ( ١٩٨٢) و (١٩٨٤) دا ، دوو ڕاپەڕین لە دژی ستەم و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق کران .. کۆمەڵێکی زۆری گەنجمانیان گرت ، کە ئێستا و ئەوسا نەگەڕانەوە و ، کەس نازانێ چۆن و لە کوێدا شەهید کراون .

لە باکووری کوردستاندا ، لە قەڵای خەبات و ڕاپەڕین و کۆڵنەداندا .. تا ئەمڕۆ چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش لە دژی ئیمپریالیزمی عوسمانی داگیرکەر و ، ئەتاتورک و ، هاوبیرە ڕەگەزپەرستەکانی ئێستاشیان ، کە تا ئەمڕۆش لە تورک زیاتر دان بە هیچ نەتەوەیەکی تردا نانێن .. دەوڵەتی عوسمانی و ، ئەتاتۆرک و ، ئەتاتورکلیزمە ڕەگەزپەرستەکانی ئەمڕۆشیان .. زۆر بە شێوەیەکی دڵڕەقانە و دڕندانەی دوور لە ڕەوشت و ویژدان و سۆزی مرۆڤایەتی .. دەستیان لە کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردمان نەپاراستووە و ، بە ئاگر و ئاسن لە دژی مافەکانی گەلەکەمان ڕەفتاریان کردووە و دەکەن .. بە هەموو شێوەیەک جینۆسایدی کوردیان کردووە .. تا ئەمڕۆش وازیان لەم ئەقڵییەتە بۆگەنە شۆڤێنیییەیان نەهێناوە و ، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەدەن ، بە بەرچاوی جیهانەوە کوشندەترین چەک لە دژی کورد بەکار دەهێنن .. بەڵام نە کوشتن و ، نە ئەشکەنجەدان و ، نەگرتن و نە بەندیخانە .. بە قەی تاڵە موویەکی سەریش ، نەیان توانیوە هەرەس بە باوەڕی پۆڵایین و ، بە وورەی بەرزی گەلەکەمان بهێنن و ، هەرگیزیش ناتوانن .. بە پێچەوانەی خواست و نیازی گڵاوی ئەوان .. تا بێت وره و باوەڕ بەخۆبوونی ڕۆڵە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان ، لە باکووری کوردستاندا ، بەرزتر دەبێ و زیاتر گەشە دەکات و .. زیاتریش ئازادی و سەربەخۆییان لا شیرینتر دەبێ .. ئەوتا ڕاپەڕین و شۆڕش بە گوڕتر و بە گڕتر سەریان هەڵداوەتەوە و .. بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت .. تا بە تەواوی کوردستانمان لە داگیرکەران ڕزگار دەکەین و ، دەست لەملی ئازادی و ئاشتی دکەین و ، مافە ڕەواکانمان بە دەست دەهێنن .. شاعیری کوردستان پەروەری نەمرمان کامەران موکری دەڵێ :

ئـــاگر بە نەختێ ئـــاو کـوژایەوە
گـوڵ بە بـای پـایز سەری نـایەوە
بەڵام ژیـلەمۆی تێکۆشـانی کورد
دوای ( هەزاران ئاو ) هەڵگیرسایەوە

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ، ئاخووندەکانی کۆماری سێدارە ، لە ژێر ئاڵای (الله اکبر) دا ، دوور لە هەموو ڕەوشتێک ، زۆر دڕندانە گەلی بێ تاوانی کوردمان دەکوژن و دەچەوسێننەوە .. ڕۆژ نییە بەبێ تاوان لاوێکی کوردمان لە سێدارە نەدەن .. بە سەدان لاو و مێردمنداڵمان لە زیندانە ترسناکەکانی ئێراندا ڕۆژانە پیسترین ئەشکەنجە دەدرێن هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن .. بەڵام هەرگیز بەم کارە قێزەوەن و بەدرەوشتییانەیان ، ناتوانن چۆک بە گەلەکەمان دادەن و لە خەبات و ڕاپەڕین ساردمان بکەنەوە .. ئێمەیە کە نەوەی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر بین و ، درێژدەری ڕێبازە پیرۆزەکەی ئەو بین، ئیتر چۆن کۆڵدەدەین لە تێکۆشان و قوربانی دان ؟.. ئەو قازی محەمەدەی کە هێندە تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و کوردستان پەروەر بوو ، تەنانەت پەت و سێدارەش لە ئاستی دلێری و جوامێری و سەربەرزی و قارەمانێتی ئەودا شەرمەزار بوون . ڕۆژی خنکاندنی ئاخووندەکانیش بە مێژەرەکانی سەر خۆیان نزیک بۆتەوە .

لە ڕۆژئاوای کۆردستانیشدا ، کە شۆڤێنی عەرەبی دەسەڵاتدارە ، تا ئەمڕۆش دانیان بە ناسنامەی نەتەوەی کورد دا نەناوە و .. لە سادەترین ماف بێ بەش کراون و بە هاوڵاتی پلە سێشیان نازانن .. تا ئیستا لە چەند شارێکی ئەم بەشەی کوردستانیشدا ، چەندین خۆپیشاندانی نارەزایی و ڕاپەڕین کراون ، بە دەیان شەهیدمان داوە .. ئەمڕۆش لاوانی دلێری کوردمان ، کوڕان و کچانی قارەمانمان ، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستانەوە .. لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا ، لە قامیشلی پاڵەوان و ، عاموودا ، عفرین ، حسەکە ، دێرزوور ، کۆبان ، جەزیرە و ، لە گەڕەکە کوردییەکانی شاری حەڵەب و ، دیمەشقدا.. پێشرەوی و رابەری جەماوەری ڕاپەڕیومان دەکەن و ، سنگیان کردووە بە قەڵغانی بەرگری کردن .. ڕژێمی حیزبی بەعسی شۆڤێنی عەرەبی لە سووریادا ، دواهەناسە دەدەن و لە سەرەمەرگ دان .. بێگومان چارەنووسی بەشار ڕێوی ی دیکتاتۆر و ستەمکاری لە خۆبایش ، کە دەستەکانی بە خوێنی گەلانی سوروپا سوورن ، لە چارەنووسی سەدام ی هاوتاوان و هاوحیزبی باشتر نابێت.

بۆ ڕاپەڕین لە باشووری کوردستاندا سەری هەڵدا ؟ ڕەنگە نەوەی دوای ڕاپەڕینمان بیانەوێت ، زیاتر لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) بزانن ، ئەگەر بمانەێ بە تەواوی و تێر و تەسەلی و بە وردی باس لە هۆکارە گرنگ و سەرەکییەکانی ڕاپەڕین بکەین ، بە کتێبێک و سێ کتێبیش باسکردنیان کۆتایی نایەت .. بۆیە من لێرەدا زۆر بە کورتی و بە چڕی و سادەیی ، تەنها ئاماژە بە سەرناوی هەندێک لە گرنگترین هۆکار و فاکتەرەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکە دەکەم ، دڵنیاشم بە لای ئێوەشەوە کۆمەڵێک هۆکاری زیاتر هەیە .. بە کورتی ئەمانە گرنگترین فاکتەرەکانی ڕاپەڕینەکەی ( ١٩٩١) کن :
ستەمکاری و تاوانەکانی ڕژێمی شۆڤێنی عەربی ی ڕەگەزپەرست لە عێراقدا ، کە لە دەسەڵاتی حیزبی بەعسی عەرەبی ڕەگەزپەرستدا بەرجەستە ببوون .. دەرهەق بە گەلی بێ تاوانی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی کوردمان .. کە هیچ شتێک نارەوا نەما کە بە گەلی کوردمانی نەکەن : کۆمەڵ کوژی ، ئەنفال ، کیمیاباران ، رووخاندنی نزیکەی پێنج هەزار گوند و شاروچکە و گەڕەکی کوردستان ، تاڵان کردن و دزینی ماڵ و سەروەت و سامان ، کۆڕەو ، بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکوک و خانەقین و ، چەندین ناوچەی تری کوردستان ، ڕاگواستنەوە و دەربەدەرکردنی کورد بە پێی پەتی و بە سەری رووتی لە زێدی خۆمان ، پەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاونەژادی ، هەوڵدان بۆ شێواندن و ناشیرین کردنی کولتوور و داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمان ، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان ، لە ژێر ناوی( تێحیح القومیە . ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی) دا ، دەرکردنی زیاتر لە ملێۆنێک برا کوردە فەیلییەکانمان ، داگیرکردنی موڵک و زەوی زاری کورد ، قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی کوردی لە

قوتابخانەکان و لە دایرەکاندا ، گرتن و لە سێدارەدانی هەزاران کورد ، سیاسەتی بە بەعسی کردن ، گەمارووی ڕاگەیاندن لەسەر کوردستان ، هەوڵدان بۆ چەواشەکردنی مێژوو و ڕەسەنایەتی کورد ، کە بەبێ بنەما و بەڵگە و ڕاستی زۆربەی هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانمانیان گەرناوە بۆ سەر ڕەچەڵکی عەرەب ، هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری کوردستان ، گەمارووی ئابووری لەسەر کوردستان ، قەدەغەکرنی کورد لە کڕین و فرۆشتن موڵک و ئۆتۆمبیل دا، وەرنەگرتنی کورد لە وەزیفە و ئیش و کار و ، لە دایرەکان و ، لە کولێجەکانی سەربازی و ، لە هێزی ئاسمانی و ، کۆلێجی پۆلیس ، دەست پێ کردن بە دەرکردن یا گواستنەوە و دوورخستنەوەی ئەو مامۆستا کوردانەی ، کە ڕەتیان کردەوە ببنە لایەنگری بەعس ، چاندنی بیست ملیۆن مینی کەسی لە کوردستاندا ، پارەدان بە گەنجانی عەرەب بۆ ئەوەی کچانی کورد بخوازن .. دانانی بە دەیان فەوجی جاش لە کورد و عەرەب ، بە جەیش شعبی کردنی کورد بە زۆر ، ئەمانە و بە دەیان تاوانی تری قێزەوەن .. ستەم و تاوانی لەم جۆرە ، لە هیچ شوێنێکی جیهاندا ڕوویان نەداوە .. مەگەر تەنها لە هەتیوەکانی ئەفلەق و ئەتاتورکلیزمەکان و ئاخوندەکانی کۆماری سێدارە بوەشێنەوە .. هەر کوردیشە توانی بەرگەی ئەم هەموو تاوانانە بگرێت و کۆڵنەدات .

ستەم و تاوان و ناهەقییەکانی ڕژێمی عەرەبی شۆڤێنی لە عێراقدا ، گەیشتبوونە لووتکە و لە ڕادەبەدەر ، کورد وتەنی : " جام پڕببوو .. لێی دەرژا " لەوە زیاتر ئارام گرتن بێ هوودە بوو .. برینەکانمان گەیشتبوونە سەر ئێسقان .

لە ڕۆژی( ٥ / ٣ / ١٩٩١ ) دا ، لە شاری ڕانیەی پاڵەواندا ، لە ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕیندا ، گڕکانی ڕق و تووڕەیی و بێزاری گەلەکەمان تەقییەوە .. کوڕان ، کچان ، لاوان ، پیران ، منداڵان ، جەماوەر و پێشمەرگەی قارەمان .. بە یەک دەنگ و بە یەک ڕەنگ هەڵمەتیان برد و ، دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمە شۆڤێنەکەی عێراقیان گرت.. سوپای خوێنرێژ و درندەی عێراق و ، جەیش شەعبی ، هێزەکانی پۆلیس و ئەمن و موخابەرات و ، هێزی تایبەتی ، گاردی کۆماری .. هتد . بەکارهێنانی تۆپ و ، تازەترین تانک و زرێپۆش و ، بۆردوومانی هێلیکۆپتەری سەمتی .. هەموو ئەم هێز و چەکانە ، لە ئاست هێرشی جەماوەری دلێر و پێشمەرگەی قارەمانماندا .. زۆر پووک و بێ نرخ بوون .. لە بەردەم بڕوا و ئیرادەی پۆلایینی گەلە داخ لە دڵەکەماندا ، لە بەردەم شەپۆلی لافاوی تووڕەیی و ، گڕکانی ڕق و بێزاری و ، زریانی ڕاماڵیندا .. هێندە بێ هێز بوون ، نەیان توانی بۆ ماوەیەکی کورتیش بەرگری بکەن .. لە سێبەری خۆیانیش دەڕەوینەوە .. کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری .. لە ڕاکردن و هەڵهاتن بەرەو دواوە ئاسکەشیان پێ نەدەگەیشت .. شاعیری نیشتمان پەروەرمان ، بێ کەس دەڵێ :

قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە
ئەگەر ئیتفاقتان هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕابگرێ

لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ، شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ، هەموو قەزا و ناحییەکانیان لە هێزەکانی عێراق پاک کرانەوە و ئازاد کران .. مایەوە شاری کەرکوکی کوردستان .. بە درێژایی مێژوو ، ناوچەی کەرکوک لە چەوسانەوە و ، ستەم و ، دەرکردن و ، گرتن و کوشتن و ، کاولکردن و ، ئەنفالدا و ، تالان کردن و ، لە ناهەقیدا پشکی شێری بەرکەوتووە ، تا ئەمڕۆش لە ستەم کردن و ، ئاوڕدانەوە لێی و ، لە بێ نازی و ، لە ئاوەدان نەکردنەوە و ، خزمەتگوزاری پێویستدا .. پشکی شێری هەیە .. بەڵام بە شانازیشەوە دەڵێین ، لە خۆڕاگری و کۆڵنەدان ، لە خەبات و قوربانی دان و ، لە کوردایەتی و کوردستان پەروەریشدا ، کەرکوکییەکان هەر پشکی شێریان هەیە ، هەردەم لە سەنگەرەکانی پێشەوەی داکۆکی و بەرگری کردنن بوونە لە کوردستان .. شۆڕەسواری مەیدانی ، خەبات و گیانبازی بوونە و ، قوربانی و شەهیدشیان نایەنە ژمارەکردن .. تکایە بە هەڵەش لێم تێ مەگەن ، من هەرگیز کەرکوکچێتیم نەکردووە و ناشی کەم ، من پێش ئەوەی کە کەرکوکی بم ، تا سەر ئێسقان و تا ناو ئێسقانیش کوردستانیم .. بەڵام کەرکوک هێمایەکی زەقی ، زوڵم لێ کردن و بەعەرەب کردنە .

دوای ڕزگارکردنی سێ شارەکەی تری کوردستان .. ڕژێمی شۆڤێنی عێراق ، هەموو گوشارێکی خستە سەر کەرکوک بە ژمارەیەکی زۆری سەرباز و تۆپی دوور هاوێژ و ، و تانگ و زرێپۆش کەرکوکی تەنی و دەوری کەرکوکی گرت .. بەهەزاران جەیش شەعبی و ڕەفیق و شەفیق بەعسی ، لە ناو کەرکوکدا لە مۆڵگاکانیاندا ، مۆڵیاندابوو .. هێلیکۆپتەری سەمتی بە درێژایی ڕۆژ و شەو ، بۆردوومانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوجەماوەری ڕاپەڕیومانیان دەکرد .. کە لە چوار پێنج قۆڵەوە لە کەرکوک نزیک ببوونەوە .. فەرماندەی گشتی هەموو هێزەکانی ڕژێمی شۆڤێنی عەرەبی لە کەرکوکدا ، گۆڕبە گۆڕ( عەلی کیمیاوی) بوو ، کە هەموو دەسەڵاتێکیان پێ دابوو .. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەوە ، بازگەکانی کەرکوک داخران و ، هەموو ئەو ڕێگایانەی کە بۆ شارەکانی تری کوردستان دەچوون داخران و قەدەغەکران .. شەو و ڕۆژ کوێرانە بە تۆپ و هاوەن گەڕەکە کوردییەکانیان بۆردوومان دەکرد .. هێزەکانی ڕژێم لە کەرکوکدا هێندە ئەترەشیان چووبوو ، کە دار و بەرد و بنچکیان لێ ببوو بە پێشمەرگە .

لە ڕۆژی ( ١٠ / ٣ / ١٩٩١) لە کاتژمێر شەشی ئێوارە بۆ شەشی بەیانی ، هاتوچۆ لە شاری کەرکوکدا قەدەغەکرا ، هەر کەسێکیان لەو ماوەیەدا ببینیایە ، بێ سێ و دوو بە قەستی کوشتن تەقەیان لێ دەکردن .. ڕەشبگیری دەستی پێ کرد .. هەر ڕۆژەی دوو سێ گەڕەکی کوردیان ، بە هێزێکی گەورەوەی گاردی کۆماری ئابلۆقە دەدا ، لە تەمەنی ( ١٣ تا ٧٠ ) ساڵانیان دەگرت .. تا ( ٢٠ / ٣ / ١٩٩١) نزیکەی (١٦) هەزا کوردیان لە کەرکوکدا گرت و لە سەربازگەی ( تۆبزاوە )ی خوار شارەوە بەندیانیان کردن .. هەر بۆ ڕێ گرتن لە ڕاپەڕین لە کەرکوکدا ، بۆ ئەوەی کورد بترسێنن و چاوشکێنی بکەن ..

لە بەرواری ( ١٣ / ٣ / ١٩٩١) دا ، لە شاری کەرکوکدا لە بەردەم بنکەی تەندووستی لە گەڕەکی ( شۆریجە ) دا ـ کە داگیرکەر شۆریجەی بە سەری مارەکە ناو دەبرد ـ بە بڕیاری گۆڕبەگۆڕ ( عەلی کیمیاوی) ، بەبێ تاوان (٣٣) لاوی کوردمانیان گوللە باران کرد ، کە یەکێکیان منداڵێکی تەمەن سیانزە ساڵان بوو ، بانگیان کرد کە چەپڵە لێدا و گۆرانی بە دیار شەهیدەکانەوە بڵێ . بەڵام هەرچەند هەڕەشەیان لێدا ، ئەو منداڵە کوردە قارەمانەمان ، نە چەپڵەی لێدا و نە گۆرانیشی بۆ وتن ، بۆیە دەسترێژیان لێ کرد و ئەویشیان شەهید کرد .. ئێستا لەنزیکی ئەو شوێنەدا ، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو لاوە شەهیدانەمان ، پەیکەرێکیان بۆ کردوون بە ناوی ( تابلۆی شەهیدان ) نەوە .

هەر لەم ڕۆژەدا ، واتە لە ( ١٣ / ٣ / ١٩٩١) دا ، بە بوختان و پیلانێکی دروستکراو لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە ، لە گەڕەکی ( عەرەسە ) لە نزیکی گۆڕەپانی تەیاران ، کە دانیشتوانەکەی هەموو کورد بوون و ، کریکار و کاسبکار بوون ـ من بۆ ماوەی دە ساڵ لە ( قوتابخانەی مەشخەڵ ) کە دەکەوێتە ئەم گەڕەکەوە ، مامۆستا بووم ـ بوختانەکەش ئەوە بوو ، گوایە لەم گەڕەکەوە تەقەیەک لە کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی عەلی حەسەن مەجید کراوە ، بۆیە زۆربەی لاو و پیاوەکانیان گرتن و ئەودۆشیان لە کەرکوک دەرکردن .. هەر ئەو ڕۆژە خانووەکانی گەڕەکی عەرەسەشیان تەخت کرد ، بێ ئەوەی کە بهێڵن ، هیچ کەلوپەلێکی ماڵەکانیان دەربکەن .. کە زیاتر لە ( ٧٠٠) خانوو بوون .. کە تا ئێستاش خەڵکی ئەم گەڕەکە کوردییە کاولکراوە ، نەگەڕاونەتەوە و هەر خێزانی کەوتوونەتە شوێنێکەوە .. ئەم تاوانەش هەر بە مەبەستی تۆقاندنی کورد بوو .. بەڵام بە پێچەوانەی مەبەستی قێزەوەنی ئەوانەوە . تا دەهات بڕوا و ورەی جەماوەری کوردمان لە کەرکوکدا بەرزتر دەبۆوە .. بۆردوومانی کوێرانەی دەست نەپاراستن ، بە هەموو جۆرە چەکێک ، لەسەر گەڕەکە کوردییەکان شاری کەرکوک بەردەوام بوو .

پێکهێنانی ( لیژنەی ڕاپەڕینی کەرکوک ) لە ناو شاری کەرکوکدا .. کە ڕۆڵێکی باشیان بینی لە هاندانی و دابین کردنی چەک و ڕاگەیاندن و پەیوەندی کرد ، بە سەرکردەی ئەو هێزانەی بۆ ڕزگار کردنی کەرکوک پێکهێنرابوون .

لە ڕیکخستنەکانی ناو شاری کەرکوک چەند شانەیەکی چەکدار لە لاوەکان پێکهێنرا .

لەسەر زنجیرە گردۆڵکەکانی سێکانیان و کانی دوومەڵان و جەبەڵ بۆر ـ کە بەسەر شاری کرکوکدا دەڕوانن بە دەیان ڕەبایەی سەربازی لە خانووی کۆنکرێتیدا بوون .. کە پڕ بوون لە سەرباز .. هێزێکی گەورەی چەک قورسیش پاڵپشتی ئەو ڕەبایانە بوون .. چەند ئیسرائیل پشتی بە ( هێڵی بەرگریی بارلیڤ ) قایم بوو .. ڕژێمی شۆڤێنی عێراق دوو ئەوەندە پشتیان بەو پشتێنە ئەمنییەی دەوری کەرکوک قایم بوو .. بەڵام ئەوە مەحاڵە کە بەهێزترین هێز و ، پۆلاترین سەنگەر و قەڵغان و ، قایمترین هێڵی بەرگری و ، تازەترین و کوشندەترین چەک ، بتوانێت لە بەردەم هەڵمەتی جەماوەری تووڕەبووی ڕاپەڕیودا خۆیان بگرن و بەرگری بکەن .

هێزی پێشمەرگە و ، جەماوەری هەر سێ شارەکەی تری باشووری کوردستان ، بە پێی پلانێکی داڕێژراو ، سێ قۆڵیان بۆ دیاری کرابوو ، بۆ هاتنە ناو شاری کەرکوکەوە :

قۆڵی ( سلێمانی ـ کەرکوک) قۆڵی ( هەولێر ـ کەرکوک ) قۆڵی ( کەلار ـ کەرکوک ) .

یەکەمین پشەنگی هێزە کوردستانییەکانمان ، لە شەوی ( ١٩ / ٣ / ١٩٩١) دا ، لە ناوچەی ( شوان )ەوە ، لە دێ ی ( کۆچەک) و ( یاروەلی ) یەوە ، کە دەکەونە سەر خڕی خاسە ، هاتنە ناو گەڕەکی

سەرچاوە
Serchawe

(رەحیماوا ) وە .. کە ژمارەیان (٥٠٠ ) پێشمەرگە بوو ، ئەم هێزە بە فەرماندەی ( حاجی هەڵمەت ) و ، چەند سەرکردەیەکی تر بوون .. لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا ، حاجی هەڵمەت یەکەمین گوللە ئارپیجی نایە ( بنکەی ئەندلوس) ی حیزبی بەعس لە رەحیماوادا .. تەقە و شەڕ دەستی پێ کرد .. هەموو شانە چەکدارەکانی گەڕەکی رەحیماواش راپەڕین .. شایانی باس و شانازیشە ، کە شانەیەکی ژنانی دلێری کوردمان بەشداریان لەم شەڕەدا کرد .. شەڕەکە شەڕێکی دەستەویەخەی چارەنووساز بوو .. رەحیماوا بوو بە دەروازەی راپەڕین لە ناو کەرکوکدا ، تا دوای نیوەرۆی ئەو رۆژە شەڕەکە درێژەی کێشا ، هەموو دامودەزگا حکومی و بنکەی بەعسییەکانیش گیران .. بە ئازادکردنی رەحیماوا هێزەکانی رژێم بەجاری ئەژنۆیان شکا.. بەڵام بەداخەوە لەم شەڕەدا ( حاجی هەڵمەت ) شەهید بوو .. هەر ئەو شەوە و بۆ بەیانییەکەی ، لە هەر سێ قۆڵە دیاری کراوەکەوە ، هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەر ، دوای شەڕێکی سەخت هەموو رەبایەکانی سەر بەرزاییەکانی کەرکوکیان گرت و ، هەموو گەڕەکە کوردییەکانی بەری گەورەی خاسەیان رزگارکرد .. هێزەکانی رژێم نەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن و .. هەڵهاتن کەوتنە خوار شاری کەرکوکەوە .. لە سەربازگەی خالید و خوار ناحیەی تازەدا مۆڵیان دا .. بەڵام دەبابە و تۆپ و هێلیکۆپتەری سەمتی ، بەردەوام بۆردوومانی گەڕەکە کوردییەکانیان دەکرد ..

لە شەوی نەورۆزدا .. هەموو دەمودەزگاکانی رژێم گیرا ، بە بارەگای لقی کەرکوکی حیزبی بەعسی گۆربەگۆریشەوە ، دیوانی پارێزگا و ، ئیستگەی پەخشی تەلەفزیۆن ، فرۆکەخانەی فرۆکەی سەمتی و ، دایرەی ئەمن و موخابەرات و ، کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و ، فەیلەقی یەک و ... هتد . هەموو خەڵکی لە دەرەوە بوون ، پیرۆزبایی رزگار بوون ، هەلهەلە لێدان ، چەپڵەڕێزان ، هەڵپەڕکێ ، پێکەنن ، خۆشی ، نۆقڵ هەڵدان ، شەربەت بەخشین .. لە خۆشیدا شەکرە گریانمان دەهات .. ئای کە چ شەوێکی خۆش بوو .. ئەوەی کە لەو شەوەدا جوانتر شاری کەرکوکی رازاندەوە و ، شادییەکی بێ وینەی خستە دڵمانەوە و ، چاو و دڵمانی رۆشن کرد ، دیمەنی تفەنگ بەدەست و روخساری شیرینی پێشمەرگەی قارەمان و ، جەماوەری راپەڕیوی هەرسێ شارەکەی تری کوردستانمان بوون ، کە بە هاواری ئێمەوە هاتبوون .. رزگارکردنی کەرکوک تا ئەمڕۆش بایەخ و تام و چێژێکی تایبەتی لای هەموو کوردیک هەیە .

لە رۆژی ( ٢١ / ٣ / ١٩٩١) دا ، رزگارکردنی کەرکوک بە تەواوی راگەیەندرا.. تا سەر لووتکەکانی شاخی حەمرینی سنووری باشووری کوردستان ڕزگار کراو ، ئاڵای کوردستان لەسەر حەمرین دا چەقێنرا و دەشەکایەوە.. ( کەرکوک تاجی راپەڕینی ) لە سەرکرد .. جەژنی کەرکوکییەکان بوو بە دوو جەژن ، جەژنی نەورۆز و جەژنی رزگاری ، بۆ یەکەمین جاریش لە مێژووی نوێماندا ، ئاگری نەورۆز و مەشخەڵە هەمیشەییەکەی باوەگوڕگوڕ دەست لەملان بوون و .. نازناوی ( شاری دوو جەژن ) بە کەرکوک برا.. بۆیە لە راپەڕینەکەی ئەو ساڵەوە ، جەژنی نەورۆز ، پیرۆزی و خۆشی تایبەتی لای کورد بە گشتی هەیە و لای کەرکوکییەکانیش هەتا هەتایە بە تایبەتی هەیە .

کەسیش نەیزانی ، کە فس فس پاڵەوانی گۆڕبەگۆڕ ( عەلی کیمیاوی ) و ، ئەو هەموو ( رەفیق و شەفیق ) بەعسییانە چۆن بە سەرشۆڕی لە کەرکوک هەڵهاتن .. گاردی کۆماری و فیداییەکانی سەدام ، بەو هەموو چەکەوە نەیان توانی خۆیان رابگرن .

تا ئێستاش هەردەم دیمەنی جوانی ، ئەو چەند مێرمنداڵ و لاوە کوردە خوێنگەرمانەمانم لە بەرچاوە ، کە لە رۆژی جەژنی نەورۆز و رۆژی رزگاری ی کەرکوکدا ، لە کاتژمێری یانزەی پێش نیوەڕۆ ، هەموو بە جلی کوردییەوە ، لەسەر قەڵا سەرکەشەکەی کەرکوکدا وەستابوون و ، ئاڵایەکی رەنگینی کوردستانیان بەرزکردبۆوە و ، پێکەوە بە دەنگێکی زوڵاڵ سروودی ( ئەی رەقیب ) یان دەوت ، دواتر سروودی( نەورۆز ) یان چڕی ..

پێویستە ئاماژەش بە رۆڵی هەریەکە لە رادیۆی ( دەنگی گەلی کوردستان ) و ، رادیۆی ( دەنگی کوردستانی عێراق ) بکەین .. کە رۆڵێکی کاریگەری گرنگیان هەبوو لە راپەڕینەکەدا .. لە راچەنین و لە هاندانی جەماوەری کوردمان بۆ خۆڕاگرتن و ، خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین لە کەرکوکدا .. رۆڵیان هەبوو لە خرۆشاندی سۆزی لاوەکانمان .. هەواڵەکان و ئاگاداری و بەیاننامە و مژدەی سەرکەوتن و رزگارکردنی ناوچەکانمان ، لەم دوو رادیۆوەوە دەبیست .. سرووده نیشتیمانییەکانیش هێندەی تر .. گڕ و جۆش و تینیان بە جەماوەری گەلەکەمان دەبەخشی و گەشبینی تریان دەکردین .

لە رۆژی( ١٨ / ٣ / ١٩٩١) دا ، خاڵۆزایەکم و برایەکی خێزانەکەم لە گەڕەکی ئەڵماس لە ماڵمان بوون .. گوێمان لە رادیۆی ( دەنگی گەلی کوردستان ) گرتبوو .. لە پڕ خاڵۆزاکەم وتی : " بڕوا بکەن پێشمەرگە زۆر لە کەرکوک نزیک کەوتوونەتەوە .. " منیش وتم : " بە چیا دزانی ؟ " وتی : " ئەی گوێتان لێ نییە لە بەیانییەوە ، بە زۆری گورانییکانی ( عەلی مەردان ) لێ دەدەن " ... قسەکەشی راست بوو .. لە بەیانیی ئەو رۆژە بەبێ وەستان هێلیکۆپتەرە سەمتییەکان و تۆپخانەکانی رژێم ، بە خەستی و بەردەوامی ، دەوروبەری شاری کەرکوکیان بۆردوومان دەکرد .

ئەوەش بزانن ، کە رزگارکردنی کەرکوک بەبێ قوربانیدان نەهاتە دی .. بە خوێنی زیاتر لە ( ١٦٠) شەهیدی نەمرمان .. رزگار کرا .

بەداخەوە ، کەرکوک تەنها هەشت رۆژ ئازادی بە خۆیەوە بینی .. هۆیەکانی دووبارە داگیرکردنەوەی لەلایەن ، سۆپای درندەی سەرکوتکەری عێراقەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک .. گرنگترینیان ئەوەبوو کە ئەمریکا گڵۆپی سەوزی بۆ سەدامی دیکتاتۆر هەڵکرد .. بۆ سەرکوتکردن و گرتنەوەی شارەکانی کوردستان و ، باشووری عێراق .. ئەمجارەش ئەمریکا ، کوردیان کرد بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان سەرەرای ئەوەی کە ساڵەهای ساڵە ، حکومەتە شۆڤێنییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق .. بە هەموو شێوەیەک و توانایانەوە ، خەریکی بەعەرەبکردنی کەرکوک بوونە .. بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی لەم پارێزگا کوردستانییەمان .. بەڵام رزگارکردنی کەرکوک لەم راپەڕینەدا .. پیلانی حەفتا ساڵ لە پاکتاوکردنیی رەگەزی و چەوسانەوەی نەتەتەوایەتی هەڵوەشانەوە .. راپەڕین و رزگارکردنی کەرکوک ئەو راستییەی بە داگیرکەران سەلماندەوە ، کە کورد بە هیچ جۆرێک و لەژێر هیچ هەڕەشە و گوشارێکدا سازش لەسەر کەرکوک ناکات و ، هەرگیز دەسبەرداری کەرکوک نابێت . بۆیە خەون و نیازە گڵاوەکانی شۆڤێنییەکان پووچەڵ کرانەوە و ، هاتنەوە سەر سفر .

.. ئەمڕۆ بێ یا سبەی ، دەبێت کەرکوک و هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان .. بگەڕێنەوە سەر کوردستان .. تا ئەم مافەش بەدەست دهێنین ، راپەڕینمان بەردەوام دەبێت و دانامرکێین .

داستانی راپەڕین و رزگارکردنی کەرکوک ، شایانی ئەوەیە چەندین کتێبی لەسەر بنووسرێت .. نامەی ماستەر و دکتۆرای لێ وەربگیرێت .. بکرێتە فلمێکی سینەمایی شایستە .. پێویستە هەموو ساڵێکیش ئەم یادە بەرز رابگرین و .. کەرنەڤاڵ و ئاهەنگی خۆشیی تیا بگێڕین و .. جۆرەها چالاکی هونەری و رۆشنبری و وەرزشی تێدا بکەین.

بێگومان نهێنی سەرکەوتنمان ، لە راپەڕینەکەی ساڵی ( ١٩٩١) دا و ، رزگارکردنی هەموو شارەکانی کوردستان ، بە کەرکوکیشەوە .. دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی و یەکریزیمان بۆ گیانی برایەتی و تەباییمان .. کە لە (بەرەی کوردستانی) و ، یەک دەنگی جەماوەری گەلەکەماندا بەرجەستە ببوون .. بەڵام بە داخەوە ، هەر کە هاتنە ناو کەرکوکەوە ، تا ئەمرۆش ملمڵانێی حیزبە کوردییەکانمان و ، لەسەر باڵادەستی لە کەرکوکدا .. زیانێکی گەورەیان بە کەرکوک گەیاندووە .. هەر بە هۆی ئەم ململانێیەوە و رێنەکەوتنەیان بوو .. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییدا .. دوو سێ کورسیی پەرلەمانیمان لە پارێزگای کەرکوکدا لە دەست دا .. هیوادارم پەند وەربگرن و ، ئەم هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە .

ئەمڕۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ، بە قۆناخێکی ناسک و هەستیاردا تێ دەپەڕێ ، قۆناخێکی چارەنووسازە ، گەلێ تەنگەژە و بەرهەڵستیمان لە رێ دان .. ناحەزانی گەلەکەمان لە زۆر لاوە بۆسەیان بۆ ناوینەتەوە .. نیازی گڵاویان ، لە ناوبردنی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەمانە .. کە بەری دەریایەکی خوێن و فرمێسک و ، ئەنفال و کیمیاباران و، کۆمەڵ کوژی و ، و گۆڕی بە کۆمەڵ و ، هەزاران شەهیدمانە .

بۆیە ئەمڕۆ ، لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستیمان ، بە رێکخستنی ناوماڵی کورد هەیە .. پێویستیمان بە یەکریزی و برایەتی و تەبایی و یەک وتاری سیاسی هەیە . . پێویستە هەموو لایەکمان ، لە ژێر چەتری کوردایەتیدا کۆببینەوە .. هەردەم چارەنووس و بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان ، لە سەرووی هەموو بەرژەوەندی و دەسکەوتێکی حیزبی و تایبەتیمانەوە بێت .. جارێکی تر رێ بە دوژمنانی کورد نەدەین ، درز بخەنە ریزی گەلەکەمانەوە .. بە دڵفراوانییەوە یەکتری قبووڵ بکەین و ، گوێ لە رەخنە و رای جیاوازمان بگرین .. پێویستە پەند و وانە ، لە هەڵە و شکستی و نەهامەتییەکانمان وەربگرین و ، دووبارەیان نەکەینەوە .. کوردستانی شیرین ، نیشتمانی هەموومانە .. هەمووشمان بە کوردستانەوە جوانین .. پاراستن و بەرگری کردن لە کوردستان .. ئەرکێکی پیرۆز و ئەخلاقی ئەستۆی هەموومانە .

سەردەم ، سەردەمی سەرهەڵدان و راپەڕینی گەلانی ژێردەستە و چەوساوە و ماف زەوتکراوە .. سەردەمی ملشکاندنی زوردار و مێردەزمە و دیکتاتۆرە ستەمکارەکانە.

سەردەمی ، یەکتری قبووڵکردن و پێکەوە ژیان و رێز لە یەکگرتنە ، سەردەمی زمانی دیالۆک و گفتوگۆ و دیبلۆماسییەتە ، رۆژ ، رۆژی وەرگرتنی مافە رەواکانە .. رۆژی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی نیشتمان داگیرکراوە .. هەر وەکو شاعیری کوردمان ( عەلی عەبدوڵا شەونم ) دەڵێ :

سەرچاوە
Serchawe

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

رۆژی ئــازادی یە ، نەک زەبــوونی یە
ئەی منیش وەک گەلان ، مافم بۆ نی یە

لە یادی (٢١) ساڵەی راپەڕین و ، رۆژی جەژنی رزگارکردنی شاری کەرکوکی خۆشەویستمان .. پیرۆزبای لە هەموو کوردێکی کورد و کوردستان پەروەر دەکەم .. لەم یادەدا ، بەڵێن تـازە دەکەینەوە ، کە سوورتربین لە خەبات کردن و ، بەڵین بێ بە هیچ کلۆجیک سازش نەکەین لەسە مافە رەواکانمان .. لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک هەردەم پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی چەک و پێنووس بین .. بێگومان هەر مافێکیش خاوەن ماف دەستی لێ هەڵنەگرێت و، بۆ بە دەست هێنانی خەبات بکات و ، قوربانی بدات .. زوو بێ یادرەنگ وەری دەگرێت .. وتراویشە ( ماف نادرێ و وەردەگیرێت ) گەشبینم بەوەی ، کە جەژنی نەورۆز و جەژنی رزگارکردنی یەکجاری کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان بۆ سەر کوردستان ، نزیک بۆتەوە . .

نەمری و سەروەری بۆ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان .
سەرشۆڕی و مردن بۆ داگیرکەران و زۆرداران و دیکتاتۆرەکان .

٢٠١٢/٣/١٥ - نەرویج
سەرچاوە : ماڵپەڕی ئەمرۆ

=====================================

# هەڵەبجە

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

شاری هەڵەبجە (هەڵەبجە : **Helebce**) بە یەکێک لە شارە گەورە و گرنگەکانی کوردستانی باشوور دەژمێردرێت. دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٤٦) پلەی ڕۆژهەڵات و هەر دوو بازنەی پانی (٣٥-٣٦) پلەی باکور و (٨٣)کم باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە. ڕووبەرەکەی (١٥٩٩) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، لە ٣٩،٩% ڕووبەری هەموو پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە. تێکڕای باران بارین لەساڵدا (٥٥٠) ملم ە، واتە بە ناوچەی مسۆگەری باران ناودەبرێ. لە باکوری ڕۆژهەڵات و باشورەوە ، بە چیاکانی هەورامان و شنروێ و باڵامبۆ دەورەدراوە. بەدرێژایی (٧٥) کم هاوسنوورە لەگەڵ ئێراندا. دەشتی شارەزوور کە بە یەکێک لە دەشتە بەپیت و ناودارەکانی جیهان دەناسرێت ، بەشێکی گەورە لە ڕووبەری ئەم قەزایەی پێکهێناوە. دەشتی شارەزوور بە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجە دەست پێدەکات و لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سورداش کۆتایی دێت، درێژییەکەی نزیکەی (١٠٠) کم دەبێت. ئەم دەشتە بژێوی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکەی پێکهێناوە. ڕێژەی بەرهەمی دۆنمێک لە دانەوێلە و بەروبومی هاوینە و سەوزە و میوە هات.



پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و جوگرافی هەیە لەگەڵ شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەکو شارەکانی (نەوسود، پاوە، باینگان، مەریوان). شوێنەوارە بەناوبەنگەکانی ناوشاری هەڵەبجە و دەوروبەری : (باخی میر ، قەیسەری حامید بەگ ، مزگەوتی پاشا ، مزگەوتی جامعە ، مەرقەدی پیر محەمەد ، کارێزی حاجی ناجی ، ئاشتی مەحمودی یاروەیسی ، فرە خەزێنە ، تووە وشک ، کانی شێخ ، گوڵان ، کانی حەمەو غان ، کانی سۆفی خدر ، کۆڵە بۆز ، مۆردانە، کانی نواڵە ، کانی زارا) .

## مێژووی دروستبوونی هەڵەبجە

### مۆنۆمێنتی هەڵەبجە

گومان لەوەدا نییە کە هەڵەبجەی ئێستا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی تورکەکانـدا دروستکراوە، یەکڕابوونێک لەوەدا هەیە کە هەڵەبجە دوای ساڵی (١٧٠٠) ز دروستکراوە. عەشیرەتی جاف دروستکەرو بنیاتنەری هەڵەبجەن . وردە وردە ئەم شوێنەی هەڵەبجە بە هۆی ناوداری شوێنەکەیەوە کە ئەڕوانێت بەسەر دەشتی شارەزووردا ، زیاتر ئاوەدان بۆتەوە و تەنها (خێلەکانی جاف) ی تێدابووە کە زیاتر لە (١٢) هەزار خێزان ئەبن ، مەرکەزی ئاوەدانی شارەزوور بووە , پاشان خەڵکی تر هاتوون و پاڵیان داوە بە هۆزەکانی جافەوە و زیاتر ئاوەدان بۆتەوە .

دەڵێن، عەشیرەتی جاف لە ناوچەی جوانرۆ سەریان بۆ کەس دانەنەواندووە ، پاشان میرێکی ئەردەڵان تەماع دەکاتە ئاو و زەوی و زارە بەپیتەکانی ناوچەکە و دەیەوێ بە تۆپزی بـۆ ژێر ڕکێفی خۆیـان بخات، ئەوانیش ملی بۆ کەچ ناکەن و لە ئەنجامدا جەنگێک دەقەومێت و دوو سەرۆک خێلی جاف دەکوژرێن و ئەوەی دەمێنێتەوە پاش ماوەیەک ڕووەو شارەزوور ڕوو لە میرنشینی بابانەکان دەنێن و لە ناوچەی (بانی خێڵانی ) دەربەندیخان نیشتەجێ دەبن ، ئەو کاتە ژمارەی جافە هەڵهاتووەکان سەد ڕەشماڵێکە و داوا لە میرنشینی بابان دەکەن کە مافی نیشتەجێ بوون و گەرمیان و کوێستانیان بدەنێ , ئەوانیش ڕێیان پێ دەدەن. بەهۆی چەند بارودۆخێکی نالەبارەوە، وەک چەسپاندنی هێڵەکانی سەرسنور بە شێوەیەکی قایمتر وای لە ئێلی جاف کرد بە شوێن ڕێگا چارەیەکی تـردا بگەڕێن و بڕیاریـان دا واز لە کۆچەرایەتی بهێنن و نیشتەجێ بن . لە هەموو ڕوپەکیشەوە گوزەران لە هەڵەبجەدا گونجاو بوو ، بۆیە بڕیاریان دا دەست بە دروستکردنی شاری هەڵەبجە بکەن . ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە و مێژوونوس لەوەدا یەکدەگرنەوە کە بە هەزاران ساڵ پێش زایین بوونی ژیان و قەڵەمڕەوی بچوک و گەورە ، کوردی و بێگانە ، لەم ناوچەیەدا هەبوون ، وەک (ئاشوریەکان ، بیشداییەکان ، میدییەکان ، هەخامەییەکان ،

سەرچاوە
Serchawe

ئەسکەندەر لە سەدەی چواری پێش زایین، ئەشکانی، ساسانیەکان، هاتنی ئیسلام ( ٢١ ی ک . ٦٤٣ ز)، روادییەکان، سلجوقییەکان، ئەتابەکەکان، ئەییوبی، مەغۆلی، جەلائیری مەڕەسپی، تەیموری لەنگ ( ١٤٠٠ ز)، ئەردەڵان و سەفەوییەکان، بابانەکان، عوسمانی، ئینگلیز، شێخ مەحمود، حکومەتی عێراق، حکومەتی کوردی (حکومەتی هەرێمی کوردستان )

لە ساڵەکانی کۆچی جولەکە بۆ عێراق و ئێران و کوردستان ، ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە چەندین خێزانی جولەکە ڕووی تێدەکەن و نیشتەجێ دەبن و لە پاڵ خێڵەکانی جاف دا پەنا ئەدرێن ، کاروباری بازرگانی ئەکەن لەو سنورەدا ، بەمەش زیاتر ئەبێت بە مەرکەزێکی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ لەو سنورەدا.



هەڵەبجە بازارێکی بازرگانی گەرمی هەبوو شارۆچکەیەکی کورد نشینی قەرەباڵغ بوو، ژمارەی دانیشتوانی ٦٠ هەزار کەس زیاتر بوو.

ناوچەکانی هاوسنووری هەریەک لەوڵاتانی ئێران و تورکیا هاوشێوەی ناوچەی هەڵەبجەن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەو ناوچانە هاوشێوەی هەڵەبجە نین‌و لە بواری ئەدەب‌و هونەردا وەک ئەو خزمەتیان بە نەتەوەی کورد نەکردووە.

ڕیش سپیان و پیاوە دێرینەکانی شار هەندێکیان دەڵێن ، یەکەم خانوو لەهەڵەبجەدا بەگەکانی (شیوەکەڵ) دروستیان کردووەو پاشان نەوەکانیان لەوێدا نیشتەجێ دەبن، کە ئەمانیش (حەمە چاوەش)و هەرسێ کوڕەکەی ( پیرۆت‌و سلێمان‌و عەبدوڵلا) ئەمانیش لەگەڵ خۆیاندا بنەماڵەیەکی تر دێنن ، کە ئەمانە بوون، (حەمە پیرۆت) موختاری تورک بووە، (ئەحمەدی پیرۆت)و (سلێمان) یش ئەم منداڵانەی هەبووە (حاجی محەمەد)، (قادر)، (حاجی فەرەج)، (ئەمین)و (عەبدوڵلا)ش کە ئەم منداڵانەی هەبووە (ئەوڕەحمان، ئەحمەد، مەحمود،سەعید، ئەمین، حەمە ساڵح) بەپێی ئەم بۆچوونە یەکەم بنەماڵەیەک هەڵەبجەی دروستکردبێ ئەم ماڵانە بوون کە ئێستا لەناو خەڵکی شار بە (١٣ ) سیانزە ماڵە ناسراون.

هەڵەبجە جاران دوو قەیسەری گەورەی هەبوو (قەیسەری پاشاو قەیسەری حامید بەگ) کە لە ساڵی١٩٣٤ دروستکراوە، بیناو سەراو پۆلیسخانەی هەڵەبجە ساڵی ١٩٣٠ دروستکراوە، یەکەم قوتابخانە ساڵی ١٩٢٥ و ساڵی ١٩٢٩ بوو بەخاوەنی نەخۆشخانە ، ساڵی ١٩٤٠ ئامێری کارەبای هەڵەبجە کەوتە گەڕ. لەساڵی ١٩٢٩ پرۆژەی ڕەسمی ئاوی هەڵەبجە تەواو بوو، لەساڵی١٩٢٤ تەلەگراف خانە دامەزاوە، لەناو شاری هەڵەبجە تەنها یەک ئۆتۆمبێل هەبووە پێیان وتووە (لۆریەکەی عەزە) ئەم لۆرییە بە دوو ڕۆژ ئەمسەرو ئەوسەری ئەکرد لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی لەساڵی ١٩٥٠ .

## ناوی هەڵەبجە لە چیەوە هاتووە؟

لەسەر ناوی هەڵەبجە بیروڕای جیا جیا هەن:

ئەڵێن کابرایەک لەو شوێنەدا لەکۆنەوە بێچوو (هەڵۆ)یەکی گرتووە بەو شێوەیە ناوی لێنراوە (هەڵۆ بەچە) پاشان بووە بە هەڵەبجە.

هەندێکی تر دەڵێن، ئەو شوێنە زۆر دڵگیر بووە بەهۆی باغ‌و بێستان‌و ئاو شینایییەوە پێیان وتووە (عەجەب جا) لە زمانی فارسیەوە وەرگیراوە، پاشان گۆڕاوە بە (هەڵەبجە)، واتە جێیەکی سەرسوهێنەر.

هەندێکی تر ئەڵێن ، کابرایەک پێش هەموو کەس هاتووەو ئاوەدانی کردۆتەوەو ناوی (هەڵۆ بەگ) بووە وردە وردە ئەو ناوە بەهۆی گەشەکردن لەزمانی کوردیدا بوو بە (هەڵۆجا) یان (هەڵەبجە).

ئەڵێن ئەو ناوچەیە باغ‌و بێستانی هەبووەو درەختی (هەڵوژەی) زۆر بووە، بەهۆی گۆڕانکاری لەزمانی کوردیدا بووە بە (هەڵەبجە).

ڕیوایەتێکی تر ئەڵێت، لە ساڵەکانی ١٦٠٠ تا ١٦١٥ هەڵۆخانی ئەردەڵان هەڵەبجەی ئاوەدان کردۆتەوە هەربەناوی خۆیەوە ناوی ناوە (هەڵۆچە)پاشان بووە بە (هەڵەبجە).

هەندێکی تر دەڵێن، کاتێک خەڵکی ناوچەی کرماشان لەڕێگەی بازرگانیەوە ڕۆیشتوون بەرەو (حەڵەب)ی سوریا بینیویانە کەوا ئاو هەوای ئەو ناوچەیە لەهی ناوچەی هەڵەبجە ئەچێت، ئەوان ناویان لێناوە (حەلەبجە) ، واتە (حەڵەبی پچوک).

بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە کە (ئەڵەبجە) لە (ئەڵەب ئەرسەلان) ەوە هاتووە ، کە میرێکی دەوڵەتی سەلجوقیەکان بووە،لەکاتی سەردانیدا بۆ کوردستان ، بە هەڵەبجەدا گوزەری کردووەو ناوی لێناوە (ئەڵەب جا) ، واتە شوێنی (ئەڵەب ئەرسەلان)، مامۆستا جەمال بابان ئەم ڕایەی پەسەند کردووە.

## شاعیر و نووسەر و ئەدیبە بەناوبانگەکانی سنوری هەڵەبجە

١ . ئیبن سەلاح شارەزووری ٢ . مەلا ئەلیاس شارەزووری ٣ . مەولانا خالیدی نەقشبەندی ٤ . شێخ عوسمان سەراجەدین نەقشبەندی ٥ . شێخ عەبدوڵلا خەرپانی ٦ . حەزرەتی مەولەوی شاعیری گەورەی کورد ٧ . نالی شاعیری شارەزووری ٨ . عەبدوڵلا گۆران ٩ . شێخ نجم الدین نەقشبەندی ١٠ . شێخ حسامەدین ١١ . شێخ عه لادین ١٢ . ئەحمەد موختار جاف ١٣ . تاهیر بەگی جاف ١٤ . قانع کە زۆربەی ژیانی لەم سنوورەدا بەسەر بردووە ١٥ . مەلا عەبدولکەریم مودەریس ١٦ . شێخ عوسمان نەقشبەندی ١٧ . مەلا حەسەن قازی ١٨ . شێخ حەمە ئەمین کاردۆخی ١٩ . حلمی عەلی شەریف ٢٠ . محەمەدی مەلا کەریم ٢١ . ساڵح هەژار ٢٢ . ساڵح شارەزووری ٢٣ . مەلا مستەفای زەڵمی ٢٤ . شێخ ئەمین نەقشبەندی ٢٥ . حەمە ئەمین هەورامی ٢٦ . عوسمان هەورامی ٢٧ . مەحمود یاروەیسی ٢٨ . عادلە خانم ٢٩ . وەلی دێوانە ٣٠ . بابا ڕەسوڵی عەبابەیلێ ٣١ . شێخ مستەفای موفتی ٣٢ . نامیق ٣٣ . تایەر بەگ ٣٤ . ساڵح هەژار ٣٥ . ع.ع. شەونم ٣٦ . ئەژی گۆران ٣٧ . جەفایی‌و کاردۆخی‌و عەزیزی فتاح و مامۆستا هیوا حیلمی و شارەزووری ...هتد.

## جوگرافیای گشتی

هەڵەبجە بە دووری ٧٥ کم کەوتووەتە خواروی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە و تا کاتی کیمیابارانەکە ژمارەی دانیشتوانی پتر لە ٧٠٠٠٠ کەس ئەبوو ٧٢٦ م لە ئاستی دەریاوە بەرزە و ڕووبەری خاکەکەی ١٥٣٢کم ئاو و هەوای مام ناوەندی یە ، تەنیا چلەی زستانی ساردە و چلەی هاوینی گەرمە ئتر ڕۆژەکانی تری ساڵ کەش و هەوای خۆش و لە باری هەیە و ناوچەیەکی بارانای یە لە ساڵدا (٧٥٠)ملم بارانی لی ئەبارێت. لە چلەی زستاندا چەند جارێک بەفری لی ئەبارێت بەڵام ئەوەندە نامێنێتەوە کە خەڵک هەراسان بکات

بەپێی هەندێک شوێنەواری کۆن وا دەرئەکەوێت کە هەڵەبجە لە دێر زەمانەوە مەڵبەندی ژیان بووە ، بەڵام چەندین جار وێران کراوە دوا جار لە دەور و بەری ساڵی ١٦٥٠ دا ئاوەدان کراوەتەوە و وردە وودە گەشەی کردووە و بووە بە شار . بەهۆی ئەو ئاو و هەوا خۆش و لە بارەیەوە جگە لە خەڵکەکەی خۆی خەڵکی تریش لە ناوچە و مەڵبەندەکانی ترەوە بۆی هاتوون و تیایدا گیرساونەتەوە ، بۆیە چەندین بنەماڵەی تیابوو کە لە کۆنەوە دانیشتوی(قەرەداغی، پێنجوێنی، مەریوانی ، بانەیی ، سلێمانەیی ، سنەیی ، جوانرۆیی ، پاوەیی ، کامیارانی ، بەرزنجی) بوون .

یەکەمین ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە دوای وێرانکردنی لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٠دا لە لایەن بنەماڵەی حەمە چاوەش شیوەکەڵیەوە بووە کە خۆی و کور و کورەزاکانی لە ناوچەی خۆیان گرفتیان بۆ پێش هاتووە سەری خۆیان هەڵگرتووە و لە هەڵەبجە گیرساونەتەوە . (حەمە چاوەش) سێ کوری هەبووە بە ناوی ( پیرۆت،سلێمان،عەبدوڵا) . سلێمان چوار کوری هەبووە بە ناوی (ئەمین ، محەمەد ،

قادر ، فەرەج) . عەبدوڵا شەش کوری هەبووە بە ناوی ( حەمە ساڵەح ، عەبدوالرەحمان ، ئەحمەد ، مەحموود ، سەعید ، ئەمین) . پیرۆتیش هەر بە لاوی مردوە ئیتر ئەم سیانزە ماڵە لە دەوروبەری مزگەوتی (تەکیە)دا نیشتەجی بوون و بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ سودیان لە سەرچاوەی (کانی نەواڵە) وەرگرتووە کە ئەو دەمە سەراوێکی گەورە بووە و ئێستا ئەکەوێتە ناو (باخی گشتی) شارەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە لە جێگەی مزگەوتدا کانیەک هەبووە حەمەی باول کە خۆی لە نەوەی (حەمە چاوش)ە بە دەماو دەم بیستویەتی و ئەڵی "ئەم سیانزە ماڵە دەستێکی باڵایان هەبووە لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ و باخ و بێستاندا ، گنم و جۆ و چەڵتوکیان چاندووە و دارەی هەڵوژە و قیسی و قۆخ و سێو و تویان رواندوە ، بم کارە شوێنەکەیان تەواو بوژاندوەتەوە.

دوای ئەم سیانزە نزیک بە بیست ماڵ جوولەکەی تی هاتووە کە بە تەنیشتی ئەوانەوە ماڵیان دروست کردووە پاشان لە سەردەمی دەسەلاتی (محمد پاشای جاف)دا ژمارەیەک ماڵە بەگزادەی جافی تی هاتووە و لە شوێنی خۆیاندا کەئێستەش پی ی ئەوترێت گەرەکی پاشا رەشماڵیان هەڵداوە و چەند ماڵێکیشیان دروست کردووە " دوای ئەمانە لە سەردەمی ژیانی مەلا عەبدوڵای خەرپانیدا گەرەکی ( پیر محمد)یش کە ناوەندەکەی (مزگەوتی جامیعە) بووە ، ئاوەدان ئەکرێتەوە .

ئیتر وورده وورده خەڵکی دەوروبەر رووی تی ئەکەن و گەورە ئەبێت میستەر ریچ لە گەشت نامەکەیدا کە ساڵی (١٩٢٠) نوسیویەتی وای دیاری ئەکات کە ئەو دەمە هەڵەبجە شار بووە(بروانە لاپەرە ١٢٤) کەچی سەیر ئەوەیە هەر نزیک بەم مێژووەی ریچ مێژوویەکی ترمان هەیە کە مێژووی کۆچی یە نەک زاینی وای دیاری ئەکات کە هەڵەبجە ئەو دەمە دی بووە. لە سەر نوسراوی ( حاشیە السید شریف الجرجانی علی کتاب المگول فی البلاغە)دا نوسراوە: کتبە السید رسول ابن السید محمد سنە ١٢٤٠ بقریە حلبجە واتە : سید رسوڵی کوری سید محمد لە ساڵی١٢٤٠ە ئەمەی نوسی لە گوندی هەڵەبجە ، من پێم وایە مێژووەکەی ریچ راستە ، چونکە ریچ گەشتەوەرێکی شاران دیدە بووە بەڵام کۆلکە مەلاکەی لای خۆمان هەر بە یادی پێشتر کە هەڵەبجە دی بووە کە بووە بە شاریش هەر بە دیی داوەتە قەڵەم. شایانی باسە لە ساڵی ١٨٨٩دا لە (کوەیت)دا پێکەوە دەکرێنە قەزا.

## گرنگترین هاوینە هەوارەکانی قەزای هەڵەبجە

١ . هاوینە هەواری ئەحمەد ئاوا ٢ . سەرچاوەی زەڵم ٣ . گوڵان ٤ . کانی شێخی بامۆک ٥ . تەوێڵە ٦ . ئاوێسەر ٧ . بیارە ٨ . سەرکەن ٩ . سەرای سوبحان ئاغا ١٠ . مێشلە ١١ . باوەکۆچەک ١٢ . دێی هاوار ١٣ . کانیو باخی وەزگێل ١٤ . کانیو باخی زەلەکێ ١٥ . ناو ناحیەی خورماڵ.

## شاخ و لوتکە بەناوبانگەکانی قەزاکە

١ . شاخی هەورامان ٢ . شاخی سورێن ٣ . شاخی باڵانبۆ ٤ . شاخی شنروێ ٥ . شاخی شرام ٦ . شاخی لوتکەی مەگر ٧ . شاخی مللەی داری تەمورە زمان ٨ . شاخی زەواڵی ٩ . شاخی سەید صادق ١٠ . شاخیئەحمەد برندە ١١ . قەڵای شەمێران ١٢ . قۆپی بەردەبەل ١٣ . شاخی بەردە دوو کون ١٤ . شاخی نێرگزە جار ١٥ . ملە قۆنەرە ١٦ . لەهەوراماندا هەندێ بەرزایی تر هەیە ناوی "گۆزندار، هەسون، هەوارە بەرزە" لەنێوان تەوێڵەو بیارەدایە. ١٧ . شاخی پەروێنی ١٨ . ملە هوومڵە ١٩ . هێلانە چەرخ ٢٠ . کونە گورگ

## دانیشتوان

ژیانی خەڵکی ناوشاری هەڵەبجە: دانیشتوانی هەڵەبجە زیاتر بە کاروباری دوکانداری، بازرگانی، کشتوکاڵی، کارمەندی حکومەت، ئاژەڵداری، ئیشوکاری سەرپێی و هاتوچۆی مەرزو سنورەکانی ئێران، ڕاوە ماسی بەسەر ئەبەن. هەر دوو ئایینی ئیسلام ، کاکەیی ئاینی سەرجەم دانیشتوانەکەی پێکهێناوە. بەپێی ئامارێک کەلە ژمارە ٢٧ ڕۆژنامەی پێشکەوتن بڵاو کراوەتەوە، سەرجەمی خەڵکی هەڵەبجە ٦٥٠٩ کەس بووە بەم جۆرە بە سەر ڕەگەزە جیاوازەکانی شارەکەدا دابەشبووە ، ٢٢٤٩/پیاو ، ٢١٠٣ /ژن ، ١٠٥١/کچ ، ١١٠٦/کوڕ سەرجەمی خەڵکی شارەکەی پێکهێناوە .

بەپێی سەرژمێری فەرمانگەی ئامار لە ساڵی ١٩٧٧ کەچوار گەڕەکی سەرەکی (بامۆک، پاشا، سەرای، پیر محەمەد) سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانەکەی (٢٢٤١١) کەس بوو ، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە خەڵکی ئەو چوار گەڕەکەیان پێکهێناوە ، (٣٨٥٠) خێزان بووە ، واتە دانیشتوانی شارەکە ٣٧% ی سەرجەم دانیشتوانی سنوری ئیداری قەزاکەی پێکهێناوە. ژمارەی خانوبەرە دروستکراوە ئەهلیو دەوڵەتیەکان (٣٦٢٨) و لەڕووی خزمەتگوزاریە گشتیەکانەوە (١٧) خوێندنگاو (٢) نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی تیابووە ، بەڵام لە ئاماری ساڵی ١٩٨٧ سەرجەم دانیشتوانی سنووری ئیداری قەزاکە (١١٥٢٩٩) کەس بووە، کەئەمەش ١٢ ،١١% ی سەرجەم دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە، واتە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٨ ڕێژەی زۆربوون و گەشەکردنی دانیشتوان ٣،٣% بووە. بەپێی هەمان ئامار لەو ساڵەدا ژمارەی خانوبەرە دروستکراوە ئەهلی و دەوڵەتیەکانی ناو شار(٦٠٠٨) یەکە بووە ، لەو ژمارەیە (٥٥٠٦) خانووە ،لەڕووی خزمەتگوزاری گشتیشەوە (٦١) خوێندنگاو (٢) نەخۆشخانەو (١) بنکەی تەندروستی تیابووە.

## سنووری ئیداری قەزای هەڵەبجە

هەڵەبجە لەساڵی ١٨٨٩ کراوە بە قەزا، واتە هەڵەبجە دوای (نەجەف) بەدووەم قەزا لەعێراقدا دادەنرێت . تا ساڵی ١٩٣٠ هەڵەبجە تەنها لە ( پێنج سەد) ماڵ تێنەدەپەڕی , ئەو ژمارەیەش کەم بوو بۆ شارێک، لەبەرئەوە تەنها سێ گەڕەکی سەرەکی لەشاردا هەبوون ( پاشا) کە ئێستا سەنتەری شارە، پیر محەمەدو کانی عاشقان کە مێژووی دروستبوونی زۆر کۆنە، پاشان هەڵەبجە ئاوەدان بووەو کاروباری تێدەهاتو ئاوو ئاوەڕۆکەی ڕێکخرا، گەڕەکی (سەرا) ش ئاوەدان بووەوە ، پاشان گەڕەکی (کانی قوڵکە) ، کە ئێستا یەکێکە لە گەڕەکە گەورەکانی شاری هەڵەبجە، ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ شوێنی فەرمانگەی ڕەی ئێستا کۆتایی هەڵەبجە بووە ،لە دوای ساڵەکانی پەنجاوە خواروی ( پیر محەمەد) یش دروستکراوە، لەساڵی ١٩٥٧ بە تەواوی ئاوەدان بوەوە، بەڵام گەڕەکی (شێخ سمایل) دوای ساڵی ١٩٦٣ ئاوەدان کرایەوە، لەوبەر ( پردی پیرۆزە) تاک تاک نەورۆڵی و ئیمامیەکان نیشتەجێ دەبوون ، تا لەساڵی ١٩٧٠دا ئەویش بە تەواوی ئاوەدان بوەوە، کە ئەمانەش ئەو گەڕەکانە بوون کە پێش سەردەمی کۆماریی هەبوون هەروەها گەڕەکی جولەکان و مامۆستایان لە گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجەن.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٢٠ هەڵەبجە، وەک قەزایەکی ناودار سنورێکی گەورەی هەبووە، ڕووبەرەکەی ٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، نزیکەی ٣٧٥ دێ ی هەبووە . ناوچەی دەربەندیخان سەربەناحیەی وارماوە بووە ، وارماوەش سەربەقەزای هەڵەبجە بووە ، واتە هەڵەبجە لەگەڵ ناحیەی سەنگاودا هاوسنوور بووە ناحیەی ( پێنجوێن) یش سەر بەهەڵەبجە بووە ، دوای هاتنی سەردەمی کۆماری ساڵی ١٩٥٩ کرایە قەزاو جیابۆوە. قەزای هەڵەبجە لەڕووی ئیدارییەوە لەساڵەکانی ١٩٥٠ بریتی بووە لە ناحیەکانی سیروان و شارەزوور و پێنجوێن و خورماڵ و وارماوە. لەساڵی ١٩٧٧ جگە لە مەرکەزی قەزاو ناحیەکان پاش جیاکردنەوەی قەزای دەربەندیخانو پێنجوێن لێی ، ژمارەی گوندەکانی سەر بە هەڵەبجە ٢١٦ گوند بووە، بەڵام لەسەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٨٧ لەکۆی ٢١٦ دێ پاش کاولکردن و ڕاگواستنی تەنها ١٨ دێ لەسەرانسەری قەزاکە مایەوە.

دوا گۆڕانکاری ئێستای شاری هەڵەبجە لەسێ ناحیە پێکهاتووە، ئەوانیش ناحیەی سیروان: سنووری ٩٣ دێی ناوچەکەی گرتۆتەوە، ناحیەی خورماڵ: پێکهاتووە لە ٤١ دێ ساڵی ١٩٣٢ کراوە بە ناحیە . ناحیەی هەورامان (بیارە): لە ١٩ دێ پێکهاتووە .

## ڕووبار و سەرچاوە بەناوبانگەکانی قەزای هەڵەبجە

سەرچاوە Serchawe

١. ڕوباری سیروان ٢. زمکان ٣. ڕوباری تانجەرۆ ٤. ڕوباری زەڵم ٥. چەمی ڕیشین ٦. چەمی چەقان ٧. چەمی ئێلان قۆز ٨. چەمی دۆمان ٩. چەمی بێستانی سوور ١٠. خڕی بیارە ١١. دەڵێن ١٢. سەرچاوەی گەنجان ١٣. ئاور شەڵم ١٤. ئاوی لێڵە

ئێستا دانیشتوانی شاری هەڵەبجە ٥٥ هەزار کەسە، بە کۆی هەموو ناحیەکان و دێهاتەکان ٩٨ هەزار کەسە.

## سەرچاوە ئاوییەکانی شاری هەڵەبجە

### کانی یەکان

هەڵەبجە و دەور و بەری لە بەر ئەوەی ناوچەیەکی باراناویە بەم پێ یە کانی و چەم و کارێزی زۆری تێدایە ، ئەمە ناوەکانیانە:

١- کانی سۆفی خدر ٢- کانی شێخ ٣- کانی باخی میر ٤- کانی زار ٥- کانی جوولەکان ٦- کانیە قوڵکە ٧- کانی عاشقان ٨- کانی نەواڵە ٩- کانی کوێرە ١٠- کانی حەمەوغان ١١- کانی هەشت هەڵۆژە ١٢- کانی پاشا ١٣- کانی باخی شێخ ئەحمەد ١٤- کانی باخی مەلا عەبدوڵا ١٥- کانی باخی مەحموودی یار وەیش ١٦- کانی حەمە تاهی ١٧- کانی باخی پورکە حەلیم ، وەچەند کانیلەیەکی تر...

### کارێزەکان

١- کارێزی حاجی ناجی ٢- کارێزی عەلی بەگ ٣- کارێزی شەگە ڕەش ٤- کارێزی موستەفا بەگ ٥- کارێزی باخی تایەر بەگ لە سەر گردی دارە قوتەڵە

### زێکان

١- دەلێن: لە ئاوی زەڵم و چەند جۆگەیەک سەرچاوە ئەگرێت و بە شارەزووری سەرودا تی ئەپەڕێت تا ئەروا و لەگەڵ چەند جۆگەیەکی تردا یەک ئەگرن

٢- زەڵم: لە ڕۆژهەلاتی گوندی زەڵمەوە تاڤگەی ئاوێکی گەورەیە ، بە ناو شاری خورماڵدا تی ئەپەڕێت

٣- تانجەرۆ: لە گوندی قزلەرەوە بەرەو خوار تالەگەڵ ئاوی سەرچناردا تێکەڵ ئەبێت پاشان لە خواری شاری سلێمانیەوە لە دەوروبەری بەکرەجۆ و بناری زرگوێز و شاخی گڵەزەردەوە لەگەڵ بنار قەراخدا چەند جۆگە و ئاوێکی تێکەڵ ئەبێت و رووباری تانجەرۆ دروست ئەکەن کە لە خواری دێهاتەکانی عەشرەتی گەلاڵیەوە لە گەڵ رووباری زەڵم تێکەڵ ئەبن

٤- ریشێن: سەرچاوەی ئاوێکی گەورەیە لە گوندی (ریشێن)ی بناری چیای (سورێن)وە هەڵدەقوڵێت.

٥- سیروان: لە زێکانی پێشو گورەترە لە کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە

٦- زمکان: لە گوندی توشانی کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە و دێتە ناوچەی تاوە گۆزی و لەوێوە تێکەڵ بە سیروان ئەبێت

٧- لێڵە: لە باکوری شاری جوانرۆوە سەرچاوە ئەگری و ئەمیش بە ناوچەی تاوەگۆزیدا دێت و ئەرژێتە سیروانەوەهەموو ئەم زێیانەش کە باسمان کردن ئەرژێنە دەریاچەی دەربەندیخانەوە.

### چۆمەکان

١- گوڵان: لە سەرچاوگەی گوندی سەرچاوگی کۆکۆییەوە سەرچاوە ئەگرێت

٢- کوڵە بۆز: لە سەرچاوەی ئاوی بامۆک و کانی شێخ سەرچاوە ئەگرێت و بە شاردا ئەرِوات

٣- قەدەغە: لە سەرچاوەی ئاوی باوەگۆچەک سەرچاوە ئەگرێت

٤- چەمی پریسی سەروو: کە لە سەرچاوەی سەر بەڵخ و بەرکە وورگەوە سەرچاوە ئەگرێت

٥- چەمی تەوێڵە: لە سەرچاوەی ئاوی هاوینەهەواری ئاوێسەر سەرچاوە ئەگرێت

٦- چەمی تریفە: لە سەرچاوەی ئاوی گوندەکەوە سەرچاوە ئەگرێت

٧- چەمی بیارە: لە سەرچاوەی ئاوی کێمنە و هانە گەرمەڵە وە سەرچاەی ئەگرێتنەمانە و چەندین چەم و ووردە چەمی تر لە ناوچەکەدا هەن کە بە گشتی مەڵبەندی هەلچەبجەیان ئاوەدان کردووەتەوە

### هاوینەهەوارەکانی هەڵەبجە

١- گوڵان: ئەکوێتە رووی قیبلەی شارەوە ، دۆڵێکی ئاوداری سەوز و پڕ باخ و باخاتە ، سەرەو ژوور درێژ ئەبێتەوە تا کانی زرگوێز ، لە خواریشەوە بە کلکەی باخی شێخ وەلی تەواو ئەبێت. لە ناوەراستی ئەم دۆڵەدا گوندی گوڵان هەیە کە لە دوو ماڵ پێک هاتووە . شێخ مۆمنی گوڵانی گۆری موبارەکی بە راسەری گوڵانەوەیە و بە دەوریدا گۆرستانێکی گەورە دروستبووە هەندی لە خەڵکی شار مردووەکانیان لەوێچ ئەنێژن. ئەم دوو ماڵەی گوڵان جگە لە بەرهەمی باخ و داروەدەوەن هەندی کشتوکاڵیش ئەکەن بۆ خۆیان بەمەش هێندەی تر دۆڵەکەیان رازاندوەتەوە.

٢- وەزگێر: هاوینەهەوارێکی دڵگیرە ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی شارەوە بە سنگی چیای شتروێوە خۆی دەڵواسیوە بە رووی دۆڵی هاوارا بەرەکەت ئەبارێنی . کانیەکی سازگاری هەیە و هەمیشە سەرسەوزە . وەزگێڵ لە راستیدا (وەز+کێڵ)ە ووشەکە هەورامیە بەواتای کێڵی کوێز ، (ک) گۆراوە بە(گ).

٣- سەرکەن: سەرچاوەی ئاوێکی سازگارە کە هەندێک دار و درەخت و زەوی بە دەوریدا دێراو ئەکات سەیرانگایەکی خۆشە و ئەکەوێتە خوارووی دۆڵی تاوێرە بە پشتی گوندی عەنەب و جەلیلەدا .

٤- ئاوێسەر: کارێزێکی گەورە و ئاوێکی سازگار و مشەی هەیە لە سەروو شارە دێی تەوێڵەوەیە. باخی گوێز و میوەکانی تر ئاودێر ئەکات ، درەختی گوێز و تووی باڵا هەڵچوو سیچبەرێکی خەستیان خستوەتە سەری و بە درێژایی وەرزی هاوین جێگای گەشت و سەیرانە و گۆران واتەنی شنەی سێبەری داری گوێز و تووئەسرن ئارەقی ڕێبواری ماندوو

٥- ئەحمەد ئاوا: ئەم گوندە خۆش و دڵگیرە کاتی خۆی مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەردەڵانیەکان بووە لە کاتی کدا خانئەحمەد خانی کوری هەڵۆ خانی ئەردەڵانی فەرمان رەوای میرنشینی ئەردەڵان بووە هەر لە خۆشی خان ئەحمەد خان بوە ناونراوە ئەحمەد ئاوا، نەک وەکو ئەوەی برای خۆشەویستم کاک حەکیمی مەلا ێاڵح ئەڵێت. گوندێکی سەر سەوزی پڕ لە باخ وباخاتە و ئاو و هەواەکی لە باری هەیە کە لە دوا مانگی بەهارەوە تا سەرەتای پایز خەڵکی ناوچەکە سەیرانی تیا ئەکەن.زی ی زەڵم بەخور بە بەردەمیدا رەت ئەپەڕێت بە تەنیشتیەوە بەرەو سەرچاوەی زەڵم شوێنێکی ئێجگار خۆشی تیایە بە ناوی (بن پەڵگ) کە بە بەردی پان سەکۆ و بانێکی تیا دروست کراوە، دیمەنێکی دڵبزوێن و سەرنج راکێشی هەیە.

٦- سەرچاوەی زەڵم: لە ئەحمەد ئاواوە بەرەو کۆتایی دۆڵەکە تاڤگەیەکی بەرزە بە نیوەی چایاکەی هەورامانەوە وەکو بەفرێکی سپی بەرئەبێتەوە بەرەو خوارەوە ، ئاوێکی شیرین و سازگارە و رێچکە ئەبەستی وم ئەروا ووردە وردە تا یەک ئەگرن لەگەڵ رووباری تانجەرۆ و سیروان و کە هەمویان پێکەوە ئەرژێنە دەریاچەی دەربەندیخانەوە. خەڵکی هەورامان و شارەزور بۆ باخ و کشتوکاڵ سوودی زۆری لی وەرئەگرن. شایانی باسە پاشماوەی قەڵایەکی کۆنی مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەردەڵانیەکان وەک نیشانە و بەڵگەیەکی مێژوویی نەتەوەکەمان تا ئێستاش لەو دۆڵەدا ماوە.

٧- سەراوی سوبحان ئاغا: ئەکەوێتە تەنیشت شارۆچکەی سەیدسادقەوە بەرەو شاری عیربەت ئاوێکی زۆرە و لە ژێر زەوییەوە هەڵدەقوڵێت، گۆماوێکی گەورەی لە بەردەمدا دروست کراوە بۆ ئاودانی زەوی و زارەکانی بەردەمی سوودی لی وەرەگرن. شوێنێکی خۆش و دڵگیرە و جێگای سەیرانی خەڵکی ناوچەکەیە.

٨- مێشلی: کانی و باخێکی خۆش و دڵگیرە ، ئەکەوێتە نێوان گوندی بەڵخە و سۆسەکانەوە ، سەیرانگایەکی خۆشە و پاشماوەی قەلایەکی کۆنی تیایە ، هاوینان خەڵک رووی تی ئەکەن بۆ ەیران.٩- سەروەزەن: تاڤگەیەکی خۆشە نزیک بە گوندی سازان. وەزەن) یان(وەزان) ووشەیەکی هەورامیە بە واتای (گوێزەکان) باخێکی زۆر لە بەردەمیدا کراوە و دیمەنێکی دڵفرێنی هەیە.

٩- سەربەڵخ: سەرچاوەی ئاوێکی گەورەو شیرینە بە تەنیشت گوندی پریسی سەرووەوە شوێنێکی خۆش و دڵگیرە ، ئەگەر بایەخی پی بدرێتسەیرانگایەکی خۆشی لی دەر ئەچێت.

سەرچاوە
Serchawe

١٠- بلە قەوێ: کانی و ئەستێڵێکە لە نێوان هەردوو گوندی عەنەب و بیاوێڵەدا ، هەرچەندە ئاوەکەی وەکو ئاوی هاوینەهەوارەکانی تر سازگار نی یە ، بەلام هەمیشە شنە و شەماڵێکی خۆشی هەیە و ئەوسا دوور لە ئێستا خەڵکێکی زۆر رووی تی ئەکرد هاوینان چایخانەیەکیشیان تیا دائەنا.

سەرچاوەکان

هەڵەبجە، گۆڤارێکی ڕوناکبیری وەرزییە خاوەنی ئیمتیازو، ب.ڕ، سەرنوسەر کەمال هەورامی.
لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە ١٧٠٠-١٩٥٨ نوسینی بەکر حەمە صدیق عارف ١٩٩٧.
کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ١٩٨٨ کورتە باسێکی جوگرافی- ئابوری- کۆمەڵایەتی- سیاسی ، شەوکەتی حاجی مشیر.
ئەنفال‌و ئافرەتی کورد ، عەدالەت عومەر صاڵح ٢٠٠٢.
مێژووی کوردو کوردستان ، محمد مەردۆخی کوردستانی
جوگرافیناس

==========================================================================

# ئیبراهیم خانی دەلۆ

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد



میللەتی کورد لە دوای رووخانی دەوڵەتی (ماد)ەوە کە بە دەستی (کۆرش)ی فارسە ئەخمینیەکان لەناوچوو و سەرنگون بوو تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوام لە خەبات و کۆشش کردندا بووە، هەمیشە سەنگەر ومقاومەت و بەرخودانی ئاوەدانتر کردووەتەوە و بەگژ هەموو داگیرکەرێکدا چووتەوە بە هیوا و مەبەستی بەدەستهێنانی مافە مرۆی و نەتەوایەتیەکانی خۆی، زۆرن ئەوانەی سەر بەرزانە چوونەوە ئامێز و باوشی خاک و ئاسودە سەریان نایەوە، ویستیان سەربەرزانە بژێن و مەردانە و جوامێرانە بمرن لە پێناو بەدیهێنانی رەوش و دۆخێک کە مرۆڤ و کۆمەڵگا ماف و کەرامەتیان پارێزراو بێت. با بزانین پیرە شارێکی وەک شاری (کفری) لە گەرمیانی. لەگەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سوپای وڵاتانی هێزی هاوپەیمانان هێرشیان هێنایە سەر ( وڵاتی نێوان دوو زێ ) تاکو ئاخر و ئۆخری شەڕەکە بەشێکی خاکی ویلایەتی ( موسڵ )ی ئەو سەردەمەیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە ، لەو سەردەمەدا (( کفری )) سنجەقێکی سەر بە ولایەتی شارەزوور لە ویلایەتی موسڵ بووە ، لە سەروەختی فەرمانڕەوای عوسمانییەکاندا (( کەمەر خانی دەلۆ )) چەند جارێک لە عوسمانیەکان راپەڕی و لە سەرئەنجامی ئەو راپەڕینانە بە دەستی عوسمانیەکان شەهید بوو ، ئەو رۆح و پەیامە شۆڕشگێڕیەی بە خانەوادە و خەڵکی دەڤەرەکە سپارد .

## هۆکاری شۆڕش

ئینگلیزەکان لە سەروەختی داگیرکردنی کوردستاندا شاری ( کفری )یان کردبووە مەڵبەندێکی چەوساندنەوە و داپڵۆسین و ئازاردانی خەڵکەکەی و سەرانە و باج و بێگاریکی بێشومار و زۆریان خستبووە سەر خەڵکی ناوچەکە ئەوەندی دیکە خەڵکی ناوچەکەیان بێدەرتان و بەش مەینەت و نەدار تر کردبوو ، بۆیە داد و بێدادیان بوو لە زوڵم و زۆرداری ئینگلیزەکان کە لە حەژمەتا خەڵکی هانا و سکاڵای دڵی خۆیان بردە لای ((برایم خان دەلۆ)) بۆ سەرزنشت کردن و ئامۆژگاری کردنی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا و دەست و پەیوەندەکانی ، چەند جارێک دەنگی نارەزای و تووڕەی خەڵکی لەلایەن برایم خانی دەلۆ بە ( سالمون )ی جێگری حاکمی سیاسی بریتانیا ( ئەو سەردەمە فەرمانڕەوای شاری کفری دەکرد ) راگەیەندرا بەڵام بێهودە بوو ، چونکە ئەوان بۆ مژینی شیلەی گیانی خەڵکی و دزینی سەروەت و سامانی کوردستان برسی و رووت و رەجاڵ کردنی دانیشتوانی کوردستان هاتبوون بۆیە بێبەزەیانە دەهاتنە وێزەی دانیشتوانی ناوچەکە و دەستیان لە ئەوکی خەڵکی بەش مەینەتی کورد رۆژ لە دوای رۆژ توندتر دەکردەوە هاوکات داپڵۆسین و زەبر و زەنگ کار و بەرنامەی ئەوان بوو ، کەڵکە بوونی ئەو هەموو غەدر و ستەمانە لەلایەک و گرتنی ((شێخ مەحمودی حەفید )) بە دیلی لە شەڕی دەربەند بازیان لەلایەکی دیکەوە و هاوتەریب مەسەلە چارەنوسسازەکانی دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوەکان بووە هەوێن و هۆکار و فاکتەری هەڵایسان و بەرپا بوونی شۆڕش لە بەشێکی ناوچەکانی گەرمیاندا

## بەرپا بوونی شۆڕش

و لە ماوەی یەک هەفتەدا شارەکانی ( خانەقین و دووز و کفری ) بەرگی دیلیەتیان داماڵاند و لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە ئازاد و رزگارکران ، پێش بەرپا بوونی شۆڕش ( برایم خانی دەلۆ ) پەیوەندی بە ( رەفعەت سمایل بەگ داودە لە دووز و خورشید بەگ دەلۆ لە خانقین ) کرد تاکو هەریەک لە ناوچەکەی خویدا دوژمن لە خاکەکەیان دەرپەڕێنن و هاوکات فشارێک بخەنە سەر کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ ئازاد کردنی شێخ مەحمودی حەفید لە دیلیەتی و دەستبەسەری . لە رۆژی ٢٢ئابی و لە درێژەی ئەو زنجیرە شۆڕشەی کەلە سەرانسەری ئێراق دژ بەداگیرکەران بەرپا کرابوو ، ( برایم خانی دەلۆ ) سەرکردەی شۆڕش لە دەڤەری گەرمیان لەگەڵ تێکرای هۆزی (دەلۆ) و بە پاڵپشتی زۆربەی هەرە زۆری هۆزەکانی تری ناوچەکە لە دژی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر راپەرین و شۆڕشێکیان بەرپا کرد، تاکو لەو ئان و ساتە هەستیار و چارەنوسسازانەدا نەتەوەی کورد بە مافە مرۆی و نەتەوایەتیەکانی خۆی شاد و شکور بێت ، لوتکەی چیای باوەشاسوار ئەو سەنگەرە قایمە بوو کە تەقەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی تێدا کرا و ترس

سەرچاوە
Serchawe

و بیمێکی زۆری خستە دڵی داگیرکەرانەوە ، ( سالمون ) جێگری حاکمی سیاسی بریتانیای ناچارکرد خۆی بە پێی خۆی بچێتە خزمەتی برایم خانی دەلۆ بۆ سارد کردنەوەی لە شۆڕش و هەڵچوون ، ماڵ و دەسکەوتەکانی دنیا و پلە و پایە نەیتوانی هەڵوێستی مساومە و سازشکردن لە سەر کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمان لەلای برایم خان دروست بکات چونکە بەقای بە پەیمان و بڵێنەکانی ئەوان نەمابوو لە هەمان کاتدا گفت و بڵێنی رزگار کردنی شار و ناوچەکەی بە جەماوەر دابوو . بەرەبەیانی رۆژی ٢٢ی ئابی ١٩٢٠ برایم خانی دەلۆ و هاوکارانی لە دیووی پشتەوە سەرکەوتنە سەرلوتکەی شاخی ( باوە شاسوار ) کە ئەو چیایە بەسەر شاری کفری دەڕوانێت دەستیان بەسەر مەتریلۆزی محکەمترین بنکەی ئینگلیزەکاندا گرت لەوێەوە کەوتنە گوللەباران کردنی مەرکەزی دەرەک ( پۆلیسخانە ) بەم کارەش شارەکە لە خەو راپەرین و ئافرەتان لە سەربانی ماڵەکانیانەوە هەڵهەڵەیان لێدەدا و پیاوان لە کوچە و کۆڵانکانی شاردا لە چاوەڕوانی ژوانی رزگار کردنی شاردا بوون ، ( سالمون ) هەر زوو کەوتە خۆ و بەشوێن هەندێک لە پیاو ماقوڵانی شاردا ناردی تاکو چارەسەرێک بۆ خامۆش و دامرکاندنەوەی شۆڕش بدۆزنەوە و لەگەڵیدا سەردانی برایم خان بکەن ، بەڵکو دەست لە شۆڕش هەڵگرێت هەرچەندە ئامۆژگاری سالمون کرا هەنگاوی لەو بابەتە نەهاوێژێت بەڵام بێهودە بوو، سەرئەنجام سالمون بەدیلی گیرا.

## حکومەتێکی کاتی

شار لەو رۆژەدا لە دەستی داگیرکەران رزگارکرا و حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتی برایم خان دامەزرا و کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە ( ئەکبر خان و وەیسی بەگی دەلۆ و حەمید عبدالرحمن کارێزی و حەمەجانی رۆغزایی و حاجی محەمەد تەرخانی و کاکەمەند ئەمین دروێش )، داموو دەزگاکانی بەرێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان وەکو شارەوانی و پۆلیس و دارایی و خۆراکی خەڵکی و ...هتد رێکخرایەوە و ئاڵو وێرکردن بەرووپیەی هندی لە بازاڕدا قەدەغە کراو بە شێوەکی کاتی دراوی عوسمانی بە گڕ خرایەوە، و ئەو دانەوێڵە و خۆراکانەی کە لە کۆگاندا هەبوون و دەست بەسەریاندا گیرا بوو بەپێی ژمارەی خێزان و بەبەلاش و یەکسان بەسەر هاووڵاتیاندا دابشکرا . دوای ئەوەی کە ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کە بەهێز و لولەی تفەنگ ناتوانن زاڵ بن و سەرکەوتن مسۆگەر بکەن بۆیە ناچار بوون زمانی گفتوو دانوسان دەست پێبەکەن، کە پاش ئەوەی لە رێگای دانووسانەکانەوە داگیرکەران ئەو راستیەیان لەلا ئاشکرا بوو کە ئەم شۆڕشە مەغزا و رەهەند و ئامانجێکی نەتەوایەتی هەیە، چونکە یەکەم داوایان ئازاد کردنی شێخ مەحمود بوو بۆیە ناچار بوون هەموو هێزەکانی خۆیان لە کەرکوک ناوچەکانی تر کۆ بکەنەوە تاکو ئەو شۆڕشە سەرکوت بکەن، پاش ئەوەی کە شاری کفری ماوەیەک لەلایەن شۆرشگێڕانەوە بەرێوە دەبرا لە ئاکامی ئەو هێرشە فراوان و بەربڵاوە لە دوای و بەرگریەکی قارەمانانە کە چەندین شەهید گیانی خۆیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کرد، داگیرکەران جارێکی تر شاری کفریان خستوە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە و رقی خۆیان بە خەڵکی ناوچەکە رشت و باجێکی زۆریان خستە سەر خەڵکی ٥٠٠ پارچە چەک و برێکی زۆر پارەیان بە دانیشتوانی شار بژارد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کفری

====================================================

# جاڕنامەی مافی ئافرەت و هاووڵاتیی ژن

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

## جاڕنامەی جیهانی مافی ئافرەت و هاووڵاتی ژن. ئۆلامپ دو گوژ ١٧٩١

ئەی پیاو، ئایا تۆ دەتوانی دادپەروەر بیت؟ ئەمە ژنە کە ئەم پرسیارەت لێ دەکات، هیوادارم، هیچ نەبێ، کە مافی ئەو پرسیارەی لێ زەوت ناکەیت. پێم بڵێ کێ ئەو دەسەڵاتە فراوانەی پێ بەخشیت کە رەگەزەکەم بچەوسێنیتەوە؟ هێزی بازووت؟ بەهرەکانت؟ سەرنج لە دانایی داهێنەری گەردوون بدە، چاو بە سرووشتی بەریندا بگێڕە بە هەموو فراوانی خۆیەوە، ئەو سرووشتەی وا پیشانی دەدەیت کە دەتەوێ خۆتی لێ نزیک بکەیتەوە، تێیدا نموونەیەکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەگەر دەوێری، کە نیشانی بدات ئەم مافەی تۆ ڕوایە. لە ئاژەڵەکان بکۆڵەرەوە، لە تەنەکان ورد ببەرەوە، بخوێنە لەبارەی رووەکەکانەوە، دواتر چاوێک بخشێنە بە سەر هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا کە لە ماددە ئۆرگانییە ڕێکخراوەکاندا ڕوویانداوە، ئەم هەلەت پێدەبەخشم کە بەرچاوت ڕووناکبێتەوە: گەر توانیت، گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە و ڕوونکردنەوە بکە لەسەر ڕەگەزەکان لەم دامەزراوەیەی سرووشتدا. دەبینی لە هەموو شوێنێک ئەمانە تێکئاڵاوی یەکن، لە هەموو شوێنێک دەیانبینی بە هارمۆنییەکی گەورەوە هەماهەنگی یەک دەکەن لەم شاکارە مەزنە نەمرەی بووندا. ئەوە تەنها پیاوە کە خۆی جیا دەکاتەوە لەم یاسا گشتییە و بە پرنسیپێکی جیاکار خۆی بارکردووە، سەیرو سەمەرە، نابینا، ئاوساو بە زانست و لەڕێ لاداو، لەم چەرخەی ڕۆشنگەرایی و زانستەدا، لەناو ناشیرینترین جۆری نەزانیدا، کوێرانە وەک زۆردارێک دەیەوێ خۆی زاڵ بکات بەسەر ڕەگەزێکدا کە هەموو توانا مرۆییەکانی خۆی بەدەست هێناوە، دەیەوێ بانگەوازی شۆڕش بکات، باس لە مافەکانی خۆی بکات و هیچی تر.

## بۆ دەنگدان لە دانیشتنەکانی ئەم جارەی پەڕلەمانی نیشتیمانی یان لە یاسادانانی داهاتوویدا.

پێشەکی دایکان و کچان و خوشکان، کە نوێنەری میللەتن، دەیانەوێت بەشداربن لە پەڕلەمانی نیشتیمانیدا. وا دەبینن کە نەناسین یان بیرکردن یان پشتگوێخستنی مافەکانی ئافرەت هۆی سەرەکی بەدبەختی گەل و گەندەڵبوونی دەسەڵاتەکانن. بڕیاریاندا کە لە نووسینێکی ڕەسمیدا مافە بنبڕو پیرۆزەکانی ئافرەت دیاری بکەن. بۆ ئەوەی کە ئەم مافنامەیە، بە ئامادەبوونی بەردەوامی لە هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا، ماف و ئەرکەکانیان بیر بهێنێتەوە. کە کردارەکانی ژنان بە تەریب لەگەڵ کردارەکانی پیاواندا، ئامانجەکانی دامەزراوە سیاسییەکان ڕۆشن بکەنەوە. ڕێزێکی زیاتریان لێ بگیرێت، بەشێوەیەک کە هەموو داواکارییەکانی ئافرەتان، کە لەسەر بنەمایەکی ڕوون و گومان هەڵنەگرن، ببنە هۆی باشبوونی دەستوور و بڕەودان بە نەریتی جوان و هێنانەدی خۆشبەختی هەمووان. بەم پێیە، ئەو بوونەوەرەی کە باڵادەستە لە جوانی و ژانی لەدایکهێناندا ڕەوا دەبینێ و بانگهێشت دەکات لەبەردەم و لە ژێر بەخشندەیی پەروەردگاری مەزندا بۆ ئەم مافانەی خوارەوەی ئافرەت و هاوڵاتی ژن.
١- بەندی یەک ئافرەت بە ئازادی لەدایک دەبێ و یەکسانی پیاوە لە مافدا. جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لەسەر بنەمای سوودی گشتی دەکرێ دەسنیشان بکرێن. ٢. دەبێ ئامانجی هەموو دامەزراوێکی ڕامیاری پاراستنی مافە سرووشتیەکانی ژن و پیاو بێت، ئەم مافانە بریتین لە: ئازادی، موڵکداریتی، ئاسایش، لەسەروو هەموویانەوە بەرگریکردن لە بەردەم چەوساندنەوەدا. ٣. بنەمای هەموو سەروەرییەک

سەرچاوە
Serchawe

لە نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە، نەتەوەش لە کۆبوونەوەی ژن و پیاو زیاتر شتێکی تر نییە: هیچ لەشێک و هیچ کەسێک ناتوانێت دەسەڵاتداری بکات، ئەگەر لەلایەن نەتەوەوە مۆڵەتی فەرمی پێ نەدرابێت. ٤. ئازادی و دادپەروەری بریتییە لە گەڕاندنەوەی ماڵ بۆ خاوەنی خۆی. بەم پێیە تاکە سنوورێک بۆ بەکاربردنی ئازادی ئافرەت ستەم و زۆرداری پیاوە کە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی کردووەتەوە: ئەم سنوورانە دەبێ بە یاساکانی سرووشت و بیری مرۆڤ داڕێژرێنەوە. ٥. یاساکانی سرووشت و بیری مرۆڤ ڕێ نادەن بە هیچ کردەوەیەک کە زیان بە کۆمەڵگە بگەیەنێت. هەر شتێک کە لە لایەن ئەم یاسا ژیرو ئاسمانیانەوە ڕێگری لێ نەکرابێت نابێ ڕێی لێ بگیرێت، کەسیش نابێ ناچار بکرێت شتێک بکات کە ئەم یاسایانە فرمانیان پێ نەدابێت. ٦. دەبێ یاسا دەربڕینی ویست و خواستی گشت بێت، هەمو هاوڵاتیان چ ژن چ پیاو لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە بەشداربن لە داڕشتنیاندا. چونکە لەچاو یاسادا هەموو یەکسانن، دەبێ هەموان، لەسەر بنەمای توانای تاکەکەسی خۆیان، یەکسانبن لە بەدەسهێنانی پلە و پۆست وهەلی کارکردندا ، بێ هیچ جیاکارییەک بەدەر لە دەسپاکی و توانایان. ٧. نابێ هیچ ئافرەتێک بەدەر بێت لە سزاو تاوانباربوون و زیندانیبوون لەچوارچێوەی یاسادا. ئافرەتان وەک پیاوان ڕێنمایی ئەم یاسا وردە دەکەن. ٨. دەبێ یاسا ئەو سزایانە دابنێت کە گومانیان لێ ناکرێت و ڕوونە کە پێویستن. نابێ هیچ کەس سزابدرێت لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە نەبێ کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوەو بۆ ئەو تاوانە دیاریکراوانە دەسنیشان کراون، کە بە یەکسانی بۆ ئافرەتانیش پەیڕەوی دەکرێن. ٩. هەر ئافرەتێک تاوانبار بێت، دەبێ لەلایەن یاساوە سزا بدرێت. ١٠. نابێ هیچ کەسێک بەهۆی بۆچوونەکانی کێشەی بۆ درووست بکرێت. ئافرەت بۆی هەیە بچێتە ژێر پەتی سێدارە کەواتە دەبێ مافیشی هەبێت بچێتە سەر سەکۆی ڕادەربڕین، بە مەرجێک کە خۆپیساندانەکانی ئەو ئاسایشە گشتییە نەشێوێنن کە یاسا بڕیاری لەسەر داوە. ١١. ئازادی گۆڕینەوەی بیر و ڕا یەکێکە لە بەنرخترین مافەکانی ئافرەت چونکە ئەم مافە خاوەندارێتی باوکان بۆ منداڵەکانیان دەسنیشان دەکات. کەواتە دەبێ هەموو ئافرەتێک بتوانێ بە ئازادییەوە بڵێ باوکی ئەم منداڵەم فلان پیاوە، وە نابێ هیچ دەسەڵاتێکی دڕندە ناچاری بکات کە ڕاستی بشارێتەوە، تەنها لە کاتی خراپ بەکارهێنانی ئەم مافەدا دەبێ یاسا بڕیاردەربێت. ١٢. گارانتیکردنی مافەکانی ئافرەت و هاوڵاتی ژن سوودی گشتی تێدایە، ئەم گارانتیکردنە دەبێ بۆ سوودی گشتی بێت، نەک بۆ سوودی تایبەتی ئەو کەسانەی کە توانای گارانتیکردنەکە لە دەستیاندایە. ١٣. ڕاگرتنی دەسەڵاتی میللەت و پایەی دامەزراوەکان ئەرکی یەکسانی ژن و پیاوە پێکەوە، ئەو بەشدارە لە هەموو ئەرکە سەختەکاندا، لە هەموو کارە دژوارەکاندا، کەواتە دەبێ هەمان بەشی پیاوی هەبێت لە بەدەسهێنانی هەلی کاردا، پلەوپایەدا، ئەرکدا، هەروەها لە پیشەسازیدا. ١٤. هاوڵاتیانی ژن و پیاو مافی ئەوەیان هەیە لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە ڕێژەی باجدان دەسنیشان بکەن، هاوڵاتی ژن لەکاتێکدا دان بەم باجگرتنە دەنێ کە دابەشکردنێکی یەکسانخوازانە بوونی هەبێت، نە تەنها لە سەروەت وسامانی وڵاتدا بگرە لە دامەزراوە گشتییەکانی دەوڵەتدا، وە لە دەسنیشانکردنی ڕێژە و ژێرخان و مەودای باجگرتندا. ١٥. ئافرەتان شانبەشانی پیاوان کە بە کۆمەڵ بەشداردەبن لە باجداندا، بۆیان هەیە لە داهات بپرسنەوە، لە هەر دامەزراوێکداو لە هەر کارمەندێکی دارایی ناو دامەزراوەکان پرسیاری خۆیان بکەن. ١٦. هەر کۆمەڵگەیەک مافەکان تێیدا پارێزراو نەبن و دەسەڵاتەکان تێیدا جیا نەکرابنەوە، ئەو کۆمەڵگەیە دەستووری نییە: ئەو دەستوورە پووچە ئەگەر زۆرینەی میللەت (لەڕێی نوێنەرەکانیەوە) بەشدار نەبووبێت لە داڕشتنیدا. ١٧. خاوەندارێتی تایبەت مافی هەردوو ڕەگەزەکەیە پێکەوە و هەر یەکیان بە جیا. لە کاتێکدا کە کەرتی گشتی خاوەندارێتییەک بۆ بەرژەوەندی گشتی وەردەگرێتەوە، دەبێ قەرەبووکردنەوە و لەبری دان بە شێوەیەکی یەکسانیخوازانە پەیڕەو بکرێت. پاشەکی ئافەرەت وشیاربەروە! وا زەنگی هوشیاری بەناو سەرتاپای گەردووندا دەبیسترێ: مافەکانی خۆت بناسە. دەسەڵاتی زاڵی سرووشت چیدی بە بڕیارە پێشوەختەکان، بە دەمارگیری، بە باوەڕی پووچ، بە درۆ دەورە نەدراوە. مەشخەڵی ڕاستی هەموو تارماییەکانی نەدانی و فێڵ و تەڵەکە و هەڵخڵەتاندنەکانی ڕەواندووەتەوە. پیاوی کۆیلە هێزو توانای خۆی بەدەست هێناوەتەوە، ئەو پێویستی بە هاریکاری تۆ بوو بۆ پچڕاندنی کۆت و زنجیرەکانی. کە ئازاد بوو نادادپەروەرانە پاداشتی هاوڕێکەی خۆی دایەوە. ئەی ئافرەتان! ئافرەتان کەی لە نابینایی خۆتان دەکەون؟ کامانەن ئەو دەسکەوتانەی کە لەم شۆڕشەدا بەدەستان هێنان؟ سووکایەتی پێکردنێکی پێ لێ داگرتووتر، بەکەمزانینێکی ئاشکراتر. لە سەردەمانی گەندەڵبووندا، ئێوە تەنها دەسەڵاتتان بەسەر لاوازی پیاوەکاندا دەڕۆیشت. ئەمڕۆ دەسەڵاتتان تێکشکاوە: چیتان بۆ ماوەتەوە؟ باوەڕهێنان بە نادادپەروەری پیاو. داواکردنەوەی ماڵی زەوتکراوی خۆتان، کە لەسەر بنەمای بەندەکانی یاسای ڕاستی سرووشتی مەزن داڕێژراون، چی واتان لێدەکات لەم کارە پیرۆزە سڵ بکەنەوە؟ چاوەڕێی فرمانی یاسادانەرەکەی شاییەکەی قانا ١ دەکەن؟ ئایا چاوەڕێی ئەوەن کە یاسادانەرە فەڕەنسییەکانمان ، ئەوانەی کە ئەم ڕەوشتە ڕاست دەکەنەوە، کە هەمیشە پابەندی سیاسەتن، پێتان بڵێنەوە: ئافرەت چی هاوبەش هەیە لە نێوان ئێوە و ئێمەدا؟ هەموو شتێک، دەبێ وا وەڵامیان بدەنەوە. ئەگەر ئەوان بەردەوام پێداگری بکەن لەو هاودژییەی کە بنەمای بیریان پێکدەهێنێت، بە هێزی بیر بەرەنگاری ئەو پاساوانەیان ببنەوە کە بۆ باڵادەستی خۆیان دەیانهێننەوە، لەژێر پەرچەمی فەلسەفەدا کۆببنەوە، هەموو هێزی کەسایەتی خۆتان بخەنەگەڕ، دەبینن کە ئەو لەخۆ بایی بووانە چۆن نەک ملکەچ، بگرە بە سنگەخشکێ خۆیان دەخەنە بەر پێتان، بە شانازییەوە گەنجەکانی پەروەردگار لەگەڵ ئێوەدا بەش دەکەن. هەر چییەک بن ئەو بەربەستانەی کە دەیانخەنە سەر ڕێتان، بە ئازایەتییەوە تێیان بپەڕێنن، ئێوە تەنها ئەوەتان لەسەرە کە بتانەوێت. ئێستاش با بچینە سەر وێناکردنی تابلۆیەک کە نیشاندەری ئەوەیە ئێوە چی بوون و چۆن بینراون لە کۆمەڵگەدا. مادام ئەمڕۆ باس لە پەروەردە دەکرێت با ببینین ئاخۆ زانا یاسادانەرەکانمان چۆن بیر لە پەروەردەی ئافرەت دەکەنەوە. ئافرەتان زیانیان زۆرتر بووە لە سوود. ناچارکردن و شاردنەوە چەکی دەستیان بووە. ئەوەی کە هێز لێی زەوت کردوون، فێڵ بۆی وەرگرتوونەتەوە: ئەوان هەموو ئەفسوونێکی جوانی خۆیان بەکارهێناوە، تەنانەت بێخەوشترین کەس نەیتوانیوە لە داویان دەربازبێت. ماسی و ئاسن، هەموو شتێک ملکەچیان بووە: ئەوان خاوەن فرمان بوون لە تاواندا وەک چۆن لە پاکدامەنیدا. دەوڵەت سەرای فەڕەنسا هەمیشە نێچیرێک بووە لە ناو داوی ئەو تەونەی بە شەوان ژنان تەنیویانە. هیچ نهێنییەک نەبوو لەو ژوورانەی دەسەڵاتدا کە لەوان شاردراوە بێت: باڵوێزخانە، فەرمانداری، وەزارەت، سەرۆکایەتی، ڕێبەرایەتی کاروباری ئاینی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینی، بە گشتی هەموو ئەو شتانەی کە نیشانەی سادەیی پیاون، چ پیرۆز و چ بێزەون، هەموو خرابووە ژێر چاوبرسێتی و ویستی دەسەڵاتی ئەم ڕەگەزەوە. ڕەگەزێک کە پێشتر قێزەون کرابوو هەرچەندە کە مایەی ڕێزلێگرتن بوو، وە دوای شۆڕش ڕێزی لێ دەگیرێ هەرچەندە کە مایەی قێزە.




سەرچاوە Serchawe

یەکبوون United Kurdistan

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# نەسیمی بای نەورۆزی

شێعری مامۆستا وەفایی





نەسیمی بای نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی ئاشقان دیسان پەیامی دڵبەری هێنا
نەوید ئەی ئاشقانی دڵفکار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا
مەگەر ڕووی کەوتە زولف و ڕووی حەبیبم بادی نەورۆزی
حەیاتێکی بە دنیا داوە، بۆی گوڵعەنبەری هێنا
بە فەتحی دڵ دەڵێی یار زولف و سینە و ڕووی وەدەرناوە
لە نەسرین و گوڵ و سونبول بەهار هات لەشکەری هێنا
دەڵێی چاوی منە هەوری بەهاری دەمبەدەم دەگری
دەڵێی ئاهی منە بەرقی درەخشان ئاوری هێنا
هەوا چوو پڕ بە دامانی دەر و دەشتان گوڵی کێشا
سەبا هات پڕ بە جەیبی کوهساران عەنبەری هێنا
لە نێو بەزمی وەنەوشە و جۆکەناران لالە پەیدا بوو
بە تاریکی خزر* بۆ چەشمە شا ئەسکەندەری هێنا
کە ئیسلامی بەهار فتوای جیهادی کافری دەی دا
سنەوبەر نێزە، گوڵشەن گورز و سۆسەن خەنجەری هێنا
نیسار ئەفشان بە پائەندازی سوڵتانی بەهار هاتن
سەمەن دیبا، شەقایق ئەتڵەس و گوڵ مەخمەری هێنا
لە شایی دارەگوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن
چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لە یاقووت ئەفسەری هێنا
لە بەزمی نێرگس و نەسرین بە دەفعی چاووزاری گوڵ
وەنەوشە دەستە دەستە عوود و لالە مەجمەری هێنا
لە مەیخانەی چەمەن بەزم و تەرەبیانگرت قەدەحنۆشان
شەقایق بادە، زەنبەق شیشە، نێرگس ساغەری هێنا
لەچەهچەی سازو نەغمەیعەندەلیبان سووت هەموو دنیا
سەدای تارزەن، ئاوازی خۆشخوان، ئاوری هێنا
حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول جوملە خۆکردی
دەڵێی چاپاڕی ئێران ڕۆژنامەی ئەختەری هێنا
بە شەوقی ڕووی لالە و گوڵ لە باخان دا چراخان
دەڵێی باخ جەننەتە ئەمساڵ، بەری حۆر و پەریی هێنا
لە گوڵشەن دا ڕەیاحین مەست و شادابی هەوای خۆشن
دەڵێی ڕیزوانە بۆ ئەهلی بەهەشتێ کەوسەری هێنا
شکۆفە و گوڵ بە عیشوە و خەندە ئارامی دەروونیان دا
بەهار بۆ خەستەکانی خۆی چ شیر و شەککەری هێنا
بە زەرد و سوورەوە خەملیوە بۆ دامادی بولبول هات

وەرەق مەعجەر، ئەرز گوڵگۆنە، شەونم زێوەری هێنا
هەموو کەسچاوەڕوونی لێکدەکەن وەک سورمەیاندیبێ
مەگەر بای سەبا خاکی گوزاری دڵبەری هێنا
چ دڵبەر؟ ئاقتابی ماهڕوویان و شەکەرلێوان
کە خەندێکی لە سەحرا گوڵ، لە دەریا گەوهەری هێنا
بە بێ شاباشی سەر بە قسەی "وەفایی" گوڵ، چرا نابێ
کە بولبول هەر زمانی هانی، پەروانەش سەری هێنا
سەرەوە.
















سەرچاوە Serchawe

# منداڵان

## هاوكاری فیل و مەیموون..

لە دارستانێک دا قەل و مەیموون و فیل پێکەوە دەژییان، بەڵام مەیموون و فیل کردیان بە مشتومڕ لەسەر ئەوەی کامیان بەهێزتر و زیرەکترە ، بۆیە چوونە لای لەقلەق بۆ ئەوەی ناوبژیوانییان بکات ،لەق لەق گووتی:





بڕۆن لەوبەری ڕووبارەکە سێوێکم بۆ بهێنن بۆ ئەوەی ناوبژیوانیتان بۆ بکەم ، فیل و مەیموونەکە ڕۆشتنە ئەوبەری ڕووبارەکە بۆ ئەوەی سێوەکە بهێنن ،مەیموونەکە نەیتوانی لە ئاوەکە بپەڕێتەوە ، بۆیە زۆر غەمبار بوو ، بەڵام فیلەکە یارمەتی یا بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە ، کاتێک کە فیلەکە دارە بەرزەکەی بینی زۆر غەمبار بوو ، بۆیە مەیموون سێوێکی بۆ لێکردەوەو ڕۆیشتن و چوونکە لای لەق لەق و ئەویش پێ ی گووتن:

ئەگەر توانای فیل نەبوایە ئەوا مەیموونەکە نەیدەتوانی لە ئاوەکە بپەڕێتەوە ، ئەگەر توانانی مەیموونەکەش نەبوایە تۆش ئەی فیل نەتدەتوانی سێوەکە لێ بکەیتەوە ، کەواتە بە یەکەوە خاوەن تواناو هێزی گەورەن.

## ( خوێندن )

لە هۆنراوەکانی ( حاتەم باتاسی )




ئەی منداڵان بخوێنن
سەرکەوتن وەدەست بێنن

خوێندن ئاوێنەی ژینە
بەختیاری تیا ببینە

لە ناخێکی پڕ لە جۆش
بگەڕێن لە بیرو هۆش

گوێ بگرن لە مامۆستا
لە دەربڕینی هەستا

ناخی وەک و دەریایە
زانستی زۆری تیایە

بۆ ئێوە وەک گەوهەرن
پڕ بەهای هەتا سەرن

لە بۆ شەو ڕووناکایین
هیوای هەتا هەتایین

ئەی منداڵانی ژیکەڵە
لە دەست نەدەن ئەو هەڵە



یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# تەندروستی

## گوێز

داری گوێز دارێکی جوانەو هەندێ جار درێژایی دەگاتە ٢٠ مەتر، لە ناو گوێزدا مادەکانی وەک پرۆتین و ڤیتامین و شەکر و چەوری هەیە. ڕێژەی بوونی مادەی فوسفۆر کە مادەیەکی گرنگی خواردنە، لە ناو گوێز ، وەک ڕێژەی فسفۆرە لە ماسی و برنج و هێلکە. گەڵاو و پێستی گوێز خوێن پاڵاوتە دەکات. گرنگترین تایبەتمەندیەکانی گوێز بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان:



بۆ چارەسەری نەخۆشی باکردنی گەدە و لەنێوبردنی کرمی گەدە.

بۆ لە نێوبردنی ماندوویی، ٥٠ گرام گەڵای گوێز لە لیترێک ئاودا بوکڵێنن و لە کاتی حەمامکردندا لەو ئاوکەڵکوەرگرن.

ئەو کەسانەی نەخۆشی کەم خوێنییان هەیە پێستی سەوزی گوێز لەگەڵ ئاودا بوکڵێنن و پاش خواردنی چێشت ڕۆژانە پەرداخێک بخۆن.

کاتی زک ئێشە، گوێز بخۆن.

مورەبای گوێز لەگەڵ هەنگوێن بۆ ئەو کەسانە کە کێشی لەشیان ناسروشتیە، بۆ بەهێزکردنی لەش و ماسولکەکانیان بیخۆن.

خواردنی گوێز لەگەڵ مەوز و هەنجیر کاریگەرە لەسەر بەهێزبوونی مێشک.



**زیانەکانی گوێز:** کەسانی قەڵەو نابێ بیخۆن چونکوو ڕێژەی مادەی چەوری تێیدا زۆرە. ڕۆژانە تەنیا 5 گوێز بخۆن چونکوو خواردنی زۆری گوێز کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

**پێکهاتەکانی گوێز**

هەر پەرداخێک لە کاکڵە گوێز (١١٧ گرام) بەگوێرەی داتای وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکا[١] پێکهاتووە لەمانە:

گەرمۆکی (کالۆریک): ٧٦٥

چەوری: ٧٦.٣٠

چەوری تێرکار:٧.١٦

کاربۆهیدرات: ١٦.٠٤

ریشال (الیاف): ٧.٨

پرۆتینەکان: ١٧.٨٣

کۆلسترۆل: 0 (سفر)

## قەیسی



قەیسی بڕێکی زۆری لە ڤیتامین A تێدایە، بە تایبەتی کە وشککراوەتەوە. خواردنی سێ دانە قەیسی قەبارە مام ناوەندی نزیکەی ٤٥% ی پێویستی ڕۆژانەی ئەم ڤیتامینە دابین دەکات. هەروەها قەیسی بڕێکی باشی لە ڤیتامین ا و پۆتاسیۆم تێدایە، لەگەڵ ئەوەی کە کۆلیستیرۆلی تێدانییە.

یەک دانە قەیسی تەنها ٢٠ کالۆری وزەی تێدایە. قەیسی وشککراوە بۆ چارەسەرکردنی قەبزی سوودی لێ وەردەگیرێت.

زەیتی تۆی قەسی بەکاردێت لە ئاوێتەکانی جوانکاری و پیشەسازی سابون و گەلێک لە ئاوێتەکانی پێست.

بۆ ئەو کەسانەی کە هەستەوەریان بە خواردنی بە قەیسی هەیە، قەیسی وشک بە گازی دووەم ئۆکسیدی گۆگرد مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەکو پارێزەری ڕەنگ و کومکردنەوەی ئەگەری هەستەوەری. ناوکە تاڵەکەی قەیسی بڕێک لە مادەی سایانیدی تێدایە، کە مادەیەکی ژەهراوییە، بۆیە ئامۆژگاری ناکرێت کە ناوکی قەیسی بخورێت بەتایبەتی لە لایەن منداڵانەوە.

قەیسی قوتووکراو، هەمان تامی قەیسی تازەی هەیە، لەبەر ئەوەی کە تا بە تەواوی پێدەگات، تام و ڕەنگی تەواو وەردەگرێت ئینجا قوتووبەند دەکرێت. لە رووی بەهای خۆرکیشەوە، ئەوندە جیاوازی نییە لەگەڵ قەیسی تازەدا.

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

سەرچاوە
Serchawe

# وتەی زانایان



# زەماوەند

ئەمیر باباخانی

لەنێوان مەتەڵەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا و هەروەها قسەی گەورە کەسایەتیەکانی جیهان سەبارەت بە "زەماوەند" چەند دانەیەکمان هەڵبژاردووە، کە زۆربەیان بۆ بزەی سەر لێوە، بەڵام لەوانەیە هێندێکیشیان باس لە بارودۆخی مزو تۆ بکاو لەوانەشە بۆ هێندێکمان ببێتە ڕینوێن.

زوو زەماوەند کردن هەڵەیەکی گەورە و درەنگەکەشی گەورەترە.(فەڕانسەوی)

زەماوەند کردن و نەکردن، هەر دوو دەبنە هۆی پەشیمانی.(سوقڕات)

زەماوەند وەک پلانداناں بۆ شەڕێکە کە ئەگەر تەنیا هەڵەیەک بکەی، قەرەبووکردنەوەی یەکجار دژوارە.(بۆرنێز)

زەماوەندێکی کە بۆ پووڵ و پارە بێ، هەر بە هۆی پووڵ و پارەوە تێک دەچێ.(ڕۆلاند)

زەماوەند هاوکات کۆتایی بە ئەوین دەدا.(ناپێلئۆن)

ئەگەر کەسێک لە هەڵبژاردنی هاوسەردا وشیار نەبێ، ئەوە دوو کەسی چارە ڕەش کردووە.(محەممەد حیجازی)

لە هەڵبژاردنی دایک و بابدا مرۆڤ خۆی هیچ کارەیە، بەڵام دەتوانین خەسو و خەزورمان بۆخۆمان هەڵبژێرین. (پێرل باک)

لەگەڵ ژنێک زەماوەند بکەن کە ئەگەر پیاو بوو، دەبوو بە باشترین هاوڕێی تۆ. (بۆڕدۆن)

لەگەڵ هاوسەرەکەت وەک کتێبێک هەڵسووکەوت بکە و ئەو بەشانەی کە ماندووت دەکا، قەتی مەخوێنەوە. (سۆنی سمارت)



بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە پیاو دەبێ کەڕ و ژنیش دەبێ لاڵ بێ.(سێروانتێس)

زەماوەند زیاتر لە چوون بۆ شەڕی غیرەت دەوێ.(کریستین)

تا ساڵێک دوایی زەماوەند .ژن و پیاو ناحەزییەکانی یەکتری نابینین.(سمایلز)

پێش زەماوەند چاوەکانتان بکەنەوە و دوایی زەماوەندیش لەسەر یەکیان دانێن.
(فڕانکلین)

ماڵی بێ ژن گۆڕستانە. (باڵزاک)

تەنیا عیلاجی ئەوین، زەماوەندە. (ئارت بوخواڵد)

زەماوەند پەیوەندێکە کە ئەگەر لە دارێک بۆ دارێکی بچێ، ئەگەر بە باشی بیگرێ

ئەوە هەر دوو زیندوو دەبنەوە و ئەگەریش خەراپی بگرێ، ئەوە هەر دوو دەمرن.(سەعید نەفیسی)

زەماوەند یانی سێ حەوتوو ئاشنایی، سێ مانگ ئەویندارى، سێ ساڵ شەڕو سی ساڵ تاقەت هێنان. (تۆن)

پیاو مێشکی ماڵ و ژن دڵی ئەوە.(سیربوس)

سەرچاوە Serchawe

# پەندی پێشینیان





ئافرەت گولی بەهارە...جوانی جیهانە روحی ژیانە

گۆشتی لاڕانی خۆت بخۆ مننەتی قەساب هەڵمەگرە

عەشق و خۆشەویسی بە هیزترین دەرمانە

دەبێ بژی بۆ نوسین نەک بنوسی بۆ ژیان

نەبوونی ئازادی باشترە لەوەی زۆر بێ

سەبر تالە بەلام بەرهەمەکەی شیرنە

باشترین بەرنامە دارشتن بۆ داهاتوو

دۆم بێت و کڵاش بۆ خۆی دروست کات

راستگۆیی باشترین سیاسەت

کەری دێزە حەز بە تۆپینی خۆی و زەرەری ساحێبی ئەکات

دوو گا لە دۆڵێکا ڕەنگی یەک نەگرن خوی یەک ئەگرن

منالی بچووکیش خەونی گەورە دەبینێت

بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێ

خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێ ناکات

بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە

دوای کڵاوی با بردوو مەکەوە

دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە

کە جام پڕ بوو لێ ی ئەڕ

سەرێکی هەیەو هەزار سەودا

من ئەڵێم نێرە ئەو ئەڵێت بیدۆشە

دەستە چەورەکەی خۆت بە من مەسڕە

ئەیەوێت ماسی بگرێت و قاچیشی تەڕ نەبێت

گەورە ئاو ئەڕێژێ و بچوکیش قاچی تێوەر ئەدات

هەموو گیانلەبەرێک گۆشتخۆرە بەس ناوی گورگ بەدە

کەچەڵ کە دەرمانکەر بێت دەرمانی سەری خۆی ئەکات

بەردێک نەزان بیخاتە گۆمەوە بە سەد دانـــا دەرنایەت

ماڵپەری شارەزورپۆست

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی ڕەشەمە ( فێورییە - مارس )




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی


| | | |
|---|---|---|
| | **February - فێورییە** | |
| ١ | ٢١ی فێورییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی مامۆستا هەژار(عەبدولرحمان شەرەفکەندی) شاعیر، مێژوونووس و وەرگێری بە توانا لە شاری مەهاباد. |
| ٢ | ٢١ی فێوریەی ١٩٥٤ | ڕۆژی نیونەتەوەیی زمانی زگماکی. |
| ٣ | ٢٢ی فێورییەی ١٩٩٩ | سەرکوتی خوێناویی خەڵکی شاری سنە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ٤ | ٢٢ی فیورییەی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی شێخ لەتیف شێخ حامد نوسەری بواری ئەدبیاتی کوردی لە باشووری کوردستان. |
| ٥ | ٢٣ی فێوریەی ١٩٩٩ | دادگای تورکیە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عبدالله ئۆجەلانی بەخییانەتکار تاوانبار کرد. |
| ٦ | ٢٣ی فێوریەی ١٩٥٥ | یەکگرتنی تورکیە و ئێران و عێراق بۆ سەرکوتکردنی هەر چەشنە جوڵانەوەی کورد و چالاکی نیزامی. |
| ٧ | ٢٣ی فێورییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی گولبەهار ژن هونەرمەندی کۆرانیبێژی لێهاتوو لە شاری بەغدا. |
| ٨ | ٢٤ی فێورییەی ٢٠١٠ | بەفەرمی ناسینی جێژنی نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیهانی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک. |
| ٩ | ٢٤ی فێورییەی ١٩٢٥ | دەستگیر کردنی دوکتور فوئاد هاوکار و پشتیوان و ڕێبەری شۆرشی شێخ سەعیدی پیران. |
| ١٠ | ٢٤ی فێورییەی ١٩٢٦ | دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کوردان لەشاری سلێمانی،ئەم کۆمەڵەیە تا ساڵی (١٩٣٨) لە خزمەت کردن بەردەوام بوو. |
| ١١ | ٢٦ی فێورییەی ١٩٢٣ | خستە خوارەوەی بەیاننامەی ئینگلیزەکان بە فرۆکە بۆ ئەوەی شێخ مەحمود شاری سلێمانی چۆل کا. |
| ١٢ | ٢٦ی فێورییەی ١٩٢٥ | ڕزگاری کردنی شاری خارپوت لەلایەن پێشمەرگەکانی شێخ سەعیدی پیران. |
| ١٣ | ٢٦ی فیورییەی ١٩١٦ | پەیمانی سایکس پیکو دابەش کردنی کوردستان لە نێوان تورکیە،عێراق و سووریە. |
| ١٤ | ٢٦ی فێورییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی مەحەمەد عەلی مەدهۆش شاعیری هۆنراوەی خۆشەویستی و جوانی .لە شاری سلێمانی. |
| ١٥ | ٢٧ی فێورییەی ١٩٩٢ | دامەزراندنی کۆمەڵەی منداڵ پارێزی کوردستان . |
| ١٦ | ٢٧ی فێورییەی ١٩٩٥ | تەقینەوەی بە هێز لە شاری زاخۆ کە بوو بە هۆی شەهید بوونی نزیکەی (٧٥) کەس. |
| ١٧ | ٢٨ی فێورییەی ١٩٢٣ | ئیسماعیل خانی سمکۆ کۆتایی بە دیدارەکەی لەشاری سلێمانی هێنا،و گەرایەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٨ | ٢٨ی فێورییەی ١٩٥٨ | چاپ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن ،لەشاری بەغداد. |
| ١٩ | ٢٨ی فێورییەی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی ڕۆستەم حەوێزی شاعیری شیعری ڕامیاری کورد لە شاری کۆیە. |
| ٢٠ | ٢٩ی فێورییەی ١٩٢٥ | شەهید کردنی ٤٧ کەس لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان. |
| | **March - مارس** | |
| ٢١ | ای مارسی ١٩٧٩ | کۆچی دوایی نەمر مستەفا بارزانی تێکۆشەری سیاسی و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان. |
| ٢٢ | ای مارسی ٢٠٠٤ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی سەربە پارتی کرێکارانی کوردستان. |

سەرچاوە Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | ٣ی مارسی ١٩٣٧ | هەڵگیرسانی شۆڕشی دەرسیم لە باکووری کوردستان بە ڕێبەرایەتی سەید ڕەزا دەرسیمی. |
| ٢٤ | ٣ی مارسی ١٩٤٣ | چاپ و بڵاو کردنەوەی گۆڤاری ڕۆژا نوێ لە شاری بەیروت پێتەختی لوبنان. |
| ٢٥ | ٣ی مارسی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی حافز قازی نوسەر ، تێکۆشەر و ڕۆشنبیری نیشتمانپەروەری کورد،و سەرنوسەری گۆڤاری هیوا لە باشووری کوردستان |
| ٢٦ | ٤ی مارسی ٢٠١٠ | دەستبەسەر داگرتنی کاناڵی ئاسمانی ڕۆژ تی ڤی لە لایەن پۆلیسی وڵاتی بلژیک. |
| ٢٧ | ٥ی مارسی ١٩٩١ | ساڵرۆژی یەکەمی ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە شاری ڕانیە ناسراو بە دەروازەی ڕاپەڕین. |
| ٢٨ | ٥ی مارسی ٢٠٠٢ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان. |
| ٢٩ | ٦ی مارسی ١٩٧٥ | مۆر کردنی پەیمانی شۆمی الجزایر لە نێوان شای ئێران و جێگری سەرۆکی ڕیژیمی بەعسی عێراق. |
| ٣٠ | ٨ی مارسی ١٩٢١ | ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان. |
| ٣١ | ٨ی مارسی ١٩٢٣ | ڕۆژنامەی (بانگی حەق) یەکەم ژمارەی لە ئەشکەوتی چیای (جاسەنە) لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لێ بڵاوکرایەوە. |
| ٣٢ | ٨ی مارسی ١٩٩١ | شارەکانی (هەڵەبجەو چەمچەماڵ و عەربەت و زەرایەن و نەسرۆ باریکەو سمۆد) لەلایەن پێشمەرگەو جەماوەری کوردستانەوە ئازاد کران. |
| ٣٣ | ٩ی مارسی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی مامۆستا سەگڤان عەبدولحەکیم ڕۆژنامەوان و نوسەر، بێژەرێکی ڕادیۆ و ئەندامی یەکیەتی نوسەرانی کورد و ناسراوی دەڤەری بادینان. |
| ٣٤ | ٩ی مارسی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی محەممەد شێخۆ هونەرمەندی بەناوبانگ و نیشتمانپەروەری کورد لە شاری قامیشلوو لە ڕۆژئاوایی کوردستان. |
| ٣٥ | ٩ی مارسی ١٩٩١ | شارەکانی (کۆیەو شەقڵاوەو دەربەندیخان) لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەری کوردستان ئازاد کران. |
| ٣٦ | ١٠ی مارسی ١٩٢٥ | حکوومەتی تورکیە بەمەبەستی خەرج کردنی لە دژی شۆڕشی کورد داوای (١٠) ملیۆن لیرەی لە پەرلەمانی وڵاتەکەی کرد. |
| ٣٧ | ١٠ی مارسی ١٩٢٥ | ئازاد کردنی ناوچەکانی (سلیڤان، هازرو، ئارگاوە، چۆلەمێرگ) لەلایەن پێشمەرگەکانی شێخ سەعیدی پیران. |
| ٣٨ | ١٠ی مارسی ١٩٧٠ | لەقوتابخانەیەکی بچووکی گوندی ناوپردان دا (مەلا مستەفا بارزانی و سەدام حوسێن) ڕێککەوتنامەی ئۆتۆنۆمیان مۆرکرد. |
| ٣٩ | ١١ی مارسی ١٩٧٤ | ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٤٠ | ١١ی مارسی ١٩٩١ | ئازاد کردنی شاری هەولێر و دەوروبەری لە لایەن خەڵک و پێشمەرگە. |
| ٤١ | ١١ی مارسی ٢٠٠٥ | چاپ و بڵاوکردنەوەی ژمارە (١) ی ڕۆژنامەی میدیای کوردی لە شاری سلێمانی . |
| ٤٢ | ١١ی مارسی ١٩٧٠ | بڵاوکردنەوەی ڕێکەوتنی ١١ی ئادار لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکوومەتی عێراق لە سەر بناخەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. |
| ٤٣ | ١٢ی مارسی ١٩٢٤ | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران لەعێراق ١٧کورد لەم هەڵبژارنە دا سەرکەوتن، کە یەکێکیان (شێخ قادر) ی برای شێخ مەحموود بوو. |
| ٤٤ | ١٢ی مارسی ٢٠٠٤ | ڕاپەڕینی خەڵکی شۆڕشکێری قامشلی کە دەیان کوژراو سەدان کەس بریندارى لێ کەوتەوە. |
| ٤٥ | ١٢ی مارسی ٢٠٠٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسان. |
| ٤٦ | ١٣ی مارسی ١٩٩١ | ئازاد کردنی (باوەنوور،ئاڵتون کۆپری،جەبارە، گوڵەجۆ) لە ژێر دەستی رژێمی بەعس. |
| ٤٧ | ١٣ی مارسی ١٩٩٤ | ڕادیۆی دەنگی یەکگرتوو سلێمانی دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی کرد. |
| ٤٨ | ١٣ی مارسی ١٩٩٥ | تیرۆر کردنی سەڵاح هەورامی مامۆستای زانکۆی سەڵاحەددین لە باشووری کوردستان. |
| ٤٩ | ١٣ی مارسی ٢٠٠٧ | بۆ یەکەم جار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر داوەتێکی فەرمی شای سعودیە گەیشتە ئەو وڵاتە. |
| ٥٠ | ١٣ی مارسی ١٩٩٢ | بەهۆی ڕوودانی بۆمەلەرزە ٦٥٣ کوشتە و هەزاران بریندار و ئاوارە لە شاری ئەرزنجان – باکووری کوردستان لێ کەوتەوە. |
| ٥١ | ١٥ی مارسی ١٩٩٢ | شەهید کردنی عەبدولکەریم محەممەد سەعید پێنجوێنی نووسەر و تێکۆشەری سیاسی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٥٢ | ١٥ی مارسی ١٩٨٧ | بۆمبارانی شێمیایی شاری هەلەبجە لە لایەن حکومەتی عێراق و شەهید بوونی زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی بێ دیفاع. |
| ٥٣ | ١٥ی مارسی ١٩٤٦ | دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانی دیموکراتی کوردستان. لە سەردەمی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد - ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٥٤ | ١٥ی مارسی ١٨٣٢ | هێرشی پاشای کۆرە بۆ سەر (کوردە یەزیدییەکان) . |
| ٥٥ | ١٥ی مارسی ١٩٣٢ | هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان . |
| ٥٦ | ١٥ی مارسی ١٩٣٢ | چاپ وبڵاوبوونەوەی گۆڤاری هیوا لە شام . |
| ٥٧ | ١٥ی مارسی ١٩٩١ | ئازاد کردنی شاری دهۆک لە لایەن خەڵک و پێشمەرگە. |
| ٥٨ | ١٥ی مارسی ٢٠٠٤ | حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بۆنەی نەورۆز ڕۆژانی (٢١ و ٢٢ و ٢٣) بکرێتە پشوو. |
| ٥٩ | ١٥ی مارسی ٢٠٠٤ | کوردەکانی دانیشتووی شاری ژنێف کونسوڵخانەی (سوریا) یان ئەم شارەیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر گرت. |
| ٦٠ | ١٧ی مارسی ١٩٩٣ | دەست لەکارکێشانەوەی د.فوئاد مەعسوم لە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێم. |
| ٦١ | ١٧ی مارسی ١٩٩٦ | کۆچی دوایی حوسێن موئەنەس مەحمود یەکێک لە مێژوو نووسەکانی سەردەمی نوێ. |
| ٦٢ | ١٧ی مارسی ٢٠٠٧ | ماڵئاوایی مامۆستا مەلا عەلی عبدالعزیز ڕێبەری گشتی (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان)، بەنەخۆشی لەشاری لەندەن . |
| ٦٣ | ١٧ی مارسی ١٩٧١ | هەڵبژاردنی ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کورد لەشاری بەغدا لەلایەن ئەندامانی (کۆڕی زانیاری عێراق) و (کۆڕی زانیاری کورد). |
| ٦٤ | ١٨ی مارسی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی قادر دیلان هونەرمەندی لێهاتوو و یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە پراگ پێتەختی چەک. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥ | ١٨ی مارسی ١٩٨٠ | دەست پێکردنەوەی شەڕلەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەی کامیاران و شیمالی کوردستان کە بوو بەهۆی شەریکی سەرانسەری وهەتا ئێستاش درێژەی هەیە. |
| ٦٦ | ١٩ی مارسی ١٩٣٢ | بۆردومانی کردنی ناوچەی بارزان لە لایەن هێزی فڕۆکەوانی ئاسمانی بریتانیا. |
| ٦٧ | ١٩ی مارسی ١٩٧٤ | رادیۆ دەنگی کوردستانی (عێراق) دووبارە دەستی بەبڵاوکردنەوەی خۆی کرد. |
| ٦٨ | ١٩ی مارسی ١٩٨٨ | ئەنفال کردنی دۆڵی جافایەتی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق. |
| ٦٩ | ١٩ی مارسی ١٩٩٤ | جیژنی نەتەوایەتی نەورۆز لە تورکیە کرا بەجیژنێکی فەرمی. |
| ٧٠ | ١٩ی مارسی ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی فوئاد حەمەوین هونەرمەندی ناسراوی کورد . |
| ٧١ | ١٩ی مارسی ٢٠٠٧ | ماڵئاوایی ئەکرەم عەنەبی شاعیرو مامۆستای زانکۆ بە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێر . |
| ٧٢ | ٢٠ی مارسی ١٨٩٧ | کۆچی دوایی حاجی قادر کۆیی شاعیری ناوداری کورد لە شاری ئەستەمبوولی تورکیە. |
| ٧٣ | ٢٠ی مارسی ١٩٨٨ | دەست پێکردنی ئەنفالی دووەم لەناوچەکانی قەرەداغی نزیک شاری سلێمانی لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٧٤ | ٢٠ی مارسی ١٩٩١ | کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگە شاری کەرکوکیان لەژێر دەستی بەعس ئازاد کرد. |
| ٧٥ | ٢٠ی مارسی ١٩٩١ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی ئازادی کوردستان. |
| ٧٦ | ٢٠ی مارسی ١٩٩٣ | کردنەوەی رادیۆی پێشکەوتن دەنگی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان.لە باشووری کوردستان. |
| ٧٧ | ٢٠ی مارسی ٢٠٠٧ | لە سێدارانی تەها یاسین ڕەمەزان ناوبراو لەسەر کێشەی دوجەیل وچەندین جینایەتی دیکە دەرحەق بە خەڵک مەحکوم کرا. |




سەرچاوە
Serchawe




## Xakelewe ٢٧١٢ کوردی خاکەلێوە

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ 23 | ٣ 22 | ٢ 21 | ١ 20 | | | |
| ١١ 30 | ١٠ 29 | ٩ 28 | ٨ 27 | ٧ 26 | ٦ 25 | ٥ 24 |
| ١٨ 6 | ١٧ 5 | ١٦ 4 | ١٥ 3 | ١٤ 2 | ١٣ 1 Apr | ١٢ 31 |
| ٢٥ 13 | ٢٤ 12 | ٢٣ 11 | ٢٢ 10 | ٢١ 9 | ٢٠ 8 | ١٩ 7 |
| | ٣١ 19 | ٣٠ 18 | ٢٩ 17 | ٢٨ 16 | ٢٧ 15 | ٢٦ 14 |

کرماشان

ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە Serchawe